# ئەبوبەکر ئەفەندی،
# زانای کورد لە ئەفەریقای باشوور

سوداد ڕەسووڵ*

## پێشەکی

گەلێک زانای کورد، لە مێژووی دوور و نزیکی کوردستان‌دا، لە مەدرەسەکانی کوردستان خوێندوویانە؛ هەندێکیش بۆ درێژەدان بە خوێندن، بە وڵاتانی دراوسێ‌دا گەڕاون و هەندێک زانای هەڵکەوتووی کوردیش کوردستانیان بەجێ‌هێشتووە و لە وڵاتێکی دیکەی دراوسێی وەک میسر و شام و حیجاز و ئەستەنبووڵ گیرساونەتەوە و ناو و ناوبانگی زانستییان هەر لە تاراوگە و دوورەوڵاتی ماوەتەوە و هەواڵیان لە کوردستان نەماوە. ئەبوبەکر ئەفەندی کە خەڵکی گوندی سیساوەیە و بە عەشیرەت خۆشناوە، لەنێو ئەم زانایانەدا، ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی زانایانی کورد و جیهانی ئیسلامە. ئەم زانا کوردە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم‌دا پەڕیوەی وڵاتێکی دوورەدەستی وەک ئەفەریقای باشوور بووە و لەوێش ڕۆڵێکی گەورەی دینی و سیاسی و پەروەردەیی گێڕاوە و هەر لەوێش کۆچی یەکجاریی کردووە.

ئەبوبەکر ئەفەندی، سەربازێکی ون و زانایەکی فەرامۆشکراوی کوردە، بۆ ماوەی نزیک بە دوو سەدەیە کوردستانی بەجێ‌هێشتووە و ڕووی لە ئەرزەڕۆم کردووە، لەوێشەوە بۆ ئەستەنبووڵ، لە ئەستەنبووڵیش ماوەی دە ساڵ خوێندوویە و پلەوپایەیەکی گەورەی زانستیی بەدەست‌هێناوە و بووە بە نێردراوی دەوڵەتی عوسمانی و ڕەوانەی ئەفەریقای باشوور کراوە، بۆ ئەوەی ڕێنمایی دینی بدا بە موسوڵمانەکانی کەیپ تاون. هەر لەوێ بە زمانی ئەفریکانی و بە ئەلفبێی عەرەبی کتێبێکی بە ناوی "بیان الدین"ەوە نووسیوە. هەر لەو کاتەوە تا ئێستا هەواڵی ئەم زانا کوردە و ئەم بنەماڵەیە لە کوردستان نەماوە و هیچ نووسەر و توێژەرەوەیەکی کوردیش باسی ئەم زانا کوردەیان نەکردووە. لە سەرجەمی ئەو کتێبانەدا کە لە بارەی ناساندنی زانایانی کوردەوە بڵاوبوونەتەوە، ناوی ئەبوبەکر ئەفەندی نەهاتووە؛ لە کاتێکدا لەنێو موسوڵمانەکانی ئەفەریقای باشووردا ناوبانگێکی زۆری هەیە و چەندین کتێب لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی بڵاوبووەتەوە، بە تایبەت لە لایەن توێژەرەوەکانی تورکەوە بایەخێکی زۆری پێ‌دراوە و لە هەمان کات‌دا هەوڵ‌دراوە وەک کەسێکی عوسمانی بیناسێنن و ناسنامەی کوردبوونی لێ دابماڵن.

چەندین توێژینەوە و ماستەرنامە، لە ماوەی دوو دەیەی ڕابوردوودا، سەبارەت بە ژیان و چالاکییەکانی ئەبوبەکر ئەفەندی نووسراون. لەم توێژینەوانەدا هەتا دێ زیاتر بایەخی ئەم زانا کوردە دەردەکەوێ، کە چەندە کەسێکی لێهاتوو و بەتوانا بووە، دەوڵەتی عوسمانی لەبەر پلەی زانستی و شارەزایی لە دین‌دا، بە تایبەت بۆ ئەوەی ببێتە نێردراوی دەوڵەتی عوسمانی بۆ وڵاتێکی دوورەدەستی وەک ئەفەریقای باشوور.

ئەوەی بۆ ئێمە جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە بۆچی ئەم زانا کوردە تا ئێستا لەنێو کورددا ناوی نەبووە و توێژینەوەیەک لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی بە کوردی نەنووسراوە و وەکوو پێویستیش بایەخی پێ‌نەدراوە؟

---

* فاکەڵتیی پەروەردە – زانکۆی سۆران.

لەم توێژینەوەیەدا[1] هەوڵدەدەین ئەم زانا فەرامۆشکراوەی کورد بە نەوەی ئەمڕۆی کورد بناسێنینەوە و ژیننامەکەی بخەینەڕوو، تا ناوی ئەبوبەکر ئەفەندیش بچێتە ڕیزی ئەو زانا کوردانە کە لە مەدرەسەکانی کوردستان پەروەردەبوون و لە دەرەوەی کوردستان خزمەتیان بە زانست و زانیاری کرد و بوون بە مایەی شانازی بۆ گەلەکەیان. هەروەها باسی ئەو ڕۆڵە گەورەیەش بکەین کە ئەو زانایە لە ئەفەریقای باشوور لەنێو موسوڵمانەکانی کەیپ تاوندا گێڕاویەتی.

بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە زیاتر سوود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە کە بە ئینگلیزی لە بارەی ئەبوبەکر ئەفەندی‌یەوە نووسراون. لە هەمان کاتدا، سوود لە چاوپێکەوتنی یەکێک لە بنەماڵەکەی لە ئەفەریقای باشوور وەرگیراوە، کە زانیاریی گرنگی لەبارەی ئەبوبەکر لایە، وێنەی ئەسڵیی کتێبەکەی ئەبوبەکر و دەستنووسەکانیشی هەر لای ئەو پارێزراون.[2]

ئەم توێژینەوەیە چەند تەوەرێک دەگرێتە خۆی؛ لە پێشدا بە خێرایی پێداچوونەوەیەک کراوە بۆ ئەو توێژینەوە و کتێب و وتارانەی کە لە بارەی ئەبوبەکر ئەفەندییەوە نووسراون. پاشان باسی بنەچەی ئەبوبەکر ئەفەندی کراوە، لەگەڵ باسی شەجەرەنامەی کە لای بنەماڵەکەی پارێزراوە. دواتر هاتووینە سەر باسی چۆنیەتیی دەرچوونی لە کوردستان و ئەوجا سەفەرکردنی بەرەو کەیپ تاون، سەرباری باسکردنی ئەو چالاکییانەی کە لەوێ بۆ موسوڵمانەکانی کەیپ تاون ئەنجامی داون، ئەوجا پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و خێزان و منداڵەکانی. پاشان هاتووینە سەر باسی ئەو کتێبەی کە بە زمانی ئەفریکانی دایناوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی باسەکەیش، هەندێک باسی مێژووی هاتنی موسوڵمانانی کەیپ تاون دەکەین، وێڕای ڕوونکردنەوەی مێژووی ئەو زمانە (زمانی ئەفریکانی) کە موسوڵمانەکانی ئەو وڵاتە وەک زمانێکی هاوبەش قسەی پێ‌دەکەن.

**پێداچوونەوەیەکی توێژینەوەکانی پێشووتر**

باسی ژیان و بەرهەمی ئەبوبەکر ئەفەندی لە کۆمەڵێک سەرچاوەدا کراوە، بە تایبەت ئەم دوو دەیەی دوایی چەندین توێژینەوە و کتێب بە ئینگلیزی و تورکی سەبارەت بە ژیان و چالاکییەکانی نووسراون.

پێشترین توێژەرەوە کە بایەخی بە ژیان و چالاکی و کتێبەکەی ئەبوبەکر داوە، ئەندرێناوس ڤان سێلمس A. Van Selmی شارەزای زمانە سامییەکان بووە لە زانکۆی پریتۆریای ئەفەریقای باشوور. ئەم

[1] ئەم توێژینەوەیە مانگی مارتی ٢٠١٨ لە کۆنفرانسێکدا کە بە ناوی (ڕەسەنایەتیمان، ڕەگی ناسنامەبوونمانە)وە لە شەقڵاوە بە سەرپەرشتیی زانکۆی سۆران و لە لایەن ئینستیتووتی کەلەپووری خۆشناوەتی و سێنتەری هەندرێنەوە بەڕێوەچوو، پێشکەش‌کرا.

[2] دوای ئاشنابوونم بە ئەبوبەکر ئەفەندی وەک زانایەکی کورد لە ئەفەریقای باشوور، خولیای ئەوە کەوتە سەرم سەرێکی نەوەکانی بدەم لە کەیپ تاون، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە زانیاری لە بارەی ژیان و بەرهەمی ئەو زانایەوە بەدەستبێنم. هاوینی ساڵی ٢٠١٤ لە سەفەری چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ئەفەریقای وەک کینیا، تەنزانیا، مەلاوی، زیمبابۆی و .. بووم و سەرم لە ئەفەریقای باشووریش دا. لە دوا وێستگەی سەفەرەکەمدا کە شاری کەیپ تاون بوو، ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا نەوەیەکی ئەبوبەکر ئەفەندی بدۆزمەوە. خۆشبەختانە ئەو کەسەم بە ئاسانی دۆزییەوە، ئەویش محەمەد زۆبری ئەفەندیی نەوەی سێیەمی بوو. ناوبراو کەسێکی شارەزا و ئاگاداری مێژووی بنەماڵەکەی بوو، بە تایبەت سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی ئەبوبەکر ئەفەندی. کۆمەڵێک دەستنووسی کۆنی بنەماڵەکەی لای خۆی پاراستبوو، زیاتر بەڵگەنامەی وەقفی بنەماڵەکەی بوو لە گوندی سیساوە و دەشتی هەریر. محەمەد زۆبری بە دیتنی من زۆر خۆشحاڵ بوو، کە کوردێک لە کوردستانەوە هاتووە بۆ پرسیاری باپیرە گەورەی. زۆریشی پێ‌خۆش‌بوو کە بە کوردی لەسەر ئەبوبەکر ئەفەندی بنووسرێ و کورد وەک زانایەکی خۆی لە کوردستان بیناسێتەوە، لە کاتێکدا دوای دەرچوونی لە کوردستان، هیچ هەواڵێکی لەوێ نەماوە و کەس نایناسێ. ئامادەییی خۆیشی نیشان دا بۆ هەموو هاوکارییەک لەم ڕووەوە. زانیاریی زۆر گرنگم لەم چاوپێکەوتنەدا دەستکەوت. کتێبەکەی ئەبوبەکریش بە ناوی "بیان الدین"ەوە، دانەیەکی کۆنی لا مابوو، بە دیاری پێی بەخشیم. منیش بەڵێنم پێ دا بە کوردی توێژینەوەیەکی لەسەر بنووسم.

نووسەرە بایەخی بە نووسراوی ئەفریکانی-عەرەبی داوە، واتە ئەو کتێبانەی کە بە زمانی ئەفریکانی و بە ئەلفبێی عەرەبی نووسراون. بە هۆی ئەو ڕۆڵە پێشەنگەی ئەبوبەکرەوە لەم بوارەدا، زۆر بایەخی بە کتێبە "بیان الدین" ناوەکەی داوە کە بە ئەفریکانی و ئەلفبێی عەرەبی نووسیویەتی. هەر بۆیە ویستوویە زیاتری لە بارەوە بزانێ و بە دوای ژیننامەی ئەبوبەکردا گەڕاوە. دوایین کوڕی ئەبوبەکر، کە عومەر جەلالەدین بووە، ئەوسا لە ژیاندا بووە؛ چووە بۆ لای و ساڵی ١٩٥١ چاوی پێکەوتووە و زانیاریی گرنگی لە بارەی ژیان و هاتنی باوکیەوە بۆ ئەفەریقای باشوور لێوەرگرتووە. هەر لەم ڕووەوە هەوڵیداوە بایەخ بە کتێبەکەی بدرێ و تەرجەمەی ئینگلیزی بکرێ. ئەوەبوو دواتر ئەو کتێبە لە لایەن میا براندیل-سیریر Mia Brandel – Syrierەوە تەرجەمەکراوە بۆ ئینگلیزی و ساڵی ١٩٦٠ لە لایدن (لە هۆڵەندە) چاپ و بڵاو کراوەتەوە.[٣] هەر ئەو کتێبە فان سێلمس پێشەکیی بۆ نووسیوە و بە درێژی کەوتووەتە باسی ئەو چاوپێکەوتنە کە لەگەڵ عومەر جەلالەدین ئەنجامیداوە.

دوای بڵاوبوونەوەی تەرجەمەی "بیان الدین"، ئەندرێناوس ڤان سێلمس ساڵی ١٩٦٨ وتارێکی لەسەر ژیان و چالاکیی ئەبوبەکر لە ئینسکلۆپێدیای کەسێتییە گرنگەکانی ئەفەریقای باشووردا بڵاوکردووەتەوە.[٤] لەم وتارەدا بە کورتی ئەبوبەکری ناساندووە و باسی بایەخی کتێبەکەیی کردووە کە کتێبێکی پێشەنگە بۆ پێشکەوتنی زمانی ئەفریکانی بە ئەلفبێی عەرەبی.

ساڵی ١٩٨٥ ئەحمەد داڤید، نووسەری ئەفەریقای باشوور، کتێبێکی سەبارەت بە مێژووی تانا بارو Tana Baru بڵاوکردووەتەوە، کە گۆڕستانی کۆنی موسوڵمانانە لە کەیپ تاون. لەم کتێبەدا باسی چۆنیەتیی پەیدابوونی ئەو گۆڕستانە و ئەو کەسێتییە بەناوبانگانەشی کردووە کە لەوێ بە خاک سپێردراون و یەکێکیان ئەبوبەکر ئەفەندییە. باسی ژیان و بەرهەمی ئەبوبەکر ئەفەندیی لەم کتێبەدا کردووە پاش هاتنی بۆ ئەفەریقای باشوور، سەرەڕای باسکردنی ئەو ڕۆڵەی کە لەنێو موسوڵمانەکانی کەیپ تاوندا گێڕاویەتی.[٥] زانیارییەکانی نێو ئەم کتێبە لەبارەی ژیانی ئەبوبەکرەوە زۆر وردنین و کەموکووڕییان تێدایە. بۆ نموونە، هەندێک زانیاریی دژبەیەک و ناتەواوی لەبارەی بنەچەی ئەبوبەکرەوە تۆمارکردووە، بە شێوەیەک کە دیارنییە ئەبوبەکر بە ڕەچەڵەک سەر بە کام نەتەوەیە.

کوردناسی هۆڵەندی مارتن فان برونێسن، ساڵی ٢٠٠٠ توێژینەوەیەکی سەبارەت بە ئەبوبەکر ئەفەندی بڵاوکردەوە و توێژینەوەکەی ڕۆڵێکی گرنگی لە ناساندنی ئەو زانا کوردە بە کورد و ئاشناکردنی بە بواری کوردناسی لە ئەورووپا بینی. لە توێژینەوەکەیدا، بە درێژی باسی بنەچە و ڕەچەڵەکی ئەبوبەکری کردووە.[٦] نووسەر، لەبەر کەمیی زانیاریی بەردەستی، بەگومانە لە بنەچەی ئەبوبەکر کە ئاخۆ بە ئەسڵ کورد بێ یا عەرەب. بۆیە پێی وایە ئەسڵی ئەبوبەکر وەک زانایەکی کورد هێشتا دیارنییە. دواتر هەر ئەم توێژینەوەیە تەرجەمەی عەرەبی

[3] Mia Brandel – Syries, The Religious duties of Islam as taught and explained by Abu Bakr Effendi, Netherland, Leiden, 1971.

ئەم کتێبە چاپی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ و چاپی دووەمیشی ساڵی ١٩٧١ بڵاوبووەتەوە. سوود لە چاپی دووەمی وەرگیراوە بۆ ئەم توێژینەوەیە.

[4] A. Van Selms, “Abu Bakr Effandi”, in: W. J. de Kock (edit), Dictionary of South African Biography, Vol. I, Bloemfontein port Elizabeth, first edition, 1968.

[5] Achmat Davids, The history of Tana Baru, Cape Town, Februray, 1985.

[6] Martin van Bruinessen, “A nineteenth –century Ottoman Kurdish scholar in South Africa: Abu Bakr Efendi” in: Mullas, sufis, and heretics: The role of religion in Kurdish society,” Isis Press, Istanbul, 2000. pp. 133 -141.

کراوە و لە ڕۆژنامەی "الإتحاد" بڵاوکراوەتەوە.[٧]

پاش ساڵانی ٢٠٠٠، ئەمجارە ئەبوبەکر ئەفەندی لای نووسەرانی تورک بایەخی پێدرا، ئەمە بە تایبەت دوای ئەوەی کە "حیزبی داد و گەشەپێدان" لە تورکیا ویستی میراتی عوسمانی زیندووبکاتەوە. هەر بۆ ئەم مەبەستە، بایەخی بەو کەسێتیيانەش دا کە کاربەدەستی دەوڵەتی عوسمانی بوون لە دەرەوە، یان نێردراوی ئەو دەوڵەتە بوون. نووسەرە تورکەکان لە نووسینەکانیاندا هەوڵدەدەن ئەبوبەکر وەک زانایەکی عوسمانی و بەشێک لە میراتی سەردەمی حوکمڕانیی عوسمانی لە دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی بە تورکی بناسێننەوە. لەبارەی ژیان و تێکۆشانی هزری و دینیی ئەبوبەکر ئەفەندی و ڕۆڵی لە دامەزراندنی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئەفەریقای باشوورەوە، سێ توێژینەوەی ماستەر لە لایەن سێ نووسەری تورکەوە لە ئەفەریقای باشوور بە ئینگلیزی نووسراون.

ساڵی ٢٠٠٠ سەلیم ئەرگون توێژینەوەیەکی لەبارەی ژیانی ئەبوبەکر و ڕۆڵی لە هزر و کولتووری ئیسلامیدا لە ئەفەریقای باشوور نووسیوە.[٨] ئەم توێژینەوەیە زۆر لایەنی ژیانی ئەبوبەکری پشتبەستوو بە ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی و ئەرشیفی کەیپ تاون ڕوونکردووەتەوە. ئەم توێژینەوەیە بنچینەیەکی ئەکادیمیی بۆ توێژینەوەکانی دواتر داناوە.

توێژینەوەی دووەم ساڵی ٢٠٠٧ سەرهات ئۆراکچی نووسیویە و زیاتر تەرخانکراوە بۆ دروستبوونی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئەفەریقای باشوور لە نێوان ساڵانی ١٨٦١-١٩٢٣دا و لە دوو بەشی ئەم توێژینەوەیەدا بە درێژی باسی ئەبوبەکر و کار و چالاکییەکانیی لەنێو موسوڵمانانی کەیپ تاوندا کردووە، هەروەها بە درێژی لە ڕۆڵی ئەو لە دامەزراندن و پەرەپێدانی ئەو پەیوەندییەی نێوان هەردوو دەوڵەتدا دوواوە.[٩]

ماستەرنامەی سێیەم ساڵی ٢٠١٣ لە لایەن حەلیم گەنچۆغلووی نووسەرێکی دیکەی تورکەوە هەر لە ئەفەریقای باشوور لەسەر ئەبوبەکر نووسراوە.[١٠] ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی ورد و زانستی لەسەر ژیان و بەرهەمی ئەبوبەکری نووسیوە. بۆ ئەم مەبەستە هەردوو ئەرشیفی عوسمانی و ئەفەریقای باشووری تەماشاکردووە. هەڵەکانی سەبارەت بە ژیانی ئەبوبەکر کە لە توێژینەوەکەی سەلیم ئەرگوندا هەن، ڕاستیکردوونەتەوە. نووسەر لەم توێژینەوەیەدا زۆر هەوڵیداوە ئەبوبەکر وەک زانایەکی عوسمانی بناسێنێ و لە هەمان کاتدا، هەوڵیداوە ناسنامەی کوردبوون لە ئەبوبەکر زەوتبکا و وەک کەسێکی بە ئەسڵ عەرەب و عوسمانی بیناسێنێ.

جگە لەم سێ ماستەرنامەیە، چەندین کتێبی دی لە تورکیا سەبارەت بە ئەبوبەکر ئەفەندی بە تورکی دەرچوون، بە داخەوە نەمتوانی سوودیان لێ وەرگرم، چونکە لە زمانی تورکیدا کۆڵەوارم. بەو هیوایەی لە داهاتوو ئەم بەرهەمانە تەرجەمەی کوردی بکرێن، بۆ ئەوەی ژیانی ئەم زانا کوردە زیاتر ڕوونببێتەوە و لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیشدا زیاتر بایەخی پێبدرێ.

---

[٧] مارتن فان برونسن، رحلة ابو بكر افندي العلامة الكردي العثماني الى جنوب افريقيا في القرن التاسع عشر، ترجمه عن الأنكليزية: د. بهروز الجاف.

[٨] Selim Argun, The life and contribution of the Osmanli scholar, Abu Bakr Effendi: Towards Islamic thought and culture in South Africa (Master's thesis, Rand Afrikaans University, December 2000).

[٩] Serhat Orakçı, A Historical Analysis of the Emerging Links between the Ottoman Empire and South Africa between 1861–1923. University of Johannesburg, October 2007.

[١٠] Halim Gençoğlu, Abu Bkr Effendi, A report on the activities and challenges of an Ottoman Muslim theologian in the Cape of Good Hope (Master's thesis, University of Cape Town, October 2013).



بەڵگەنامەی وەقف بە تورکیی عوسمانی، لای بنەماڵەی ئەبوبەکر ئەفەندی پارێزراوە،
باسی مەدرەسەی سیساوە دەکا لە ساڵی ١٠٣٨ک (١٦٢٣ز)دا

سەرچاوە عەرەبییەکان کە سەبارەت بە ئەفەریقای باشوور نووسراون، بە تایبەت لە بارەی ڕەوشی موسوڵمانانی کەیپ تاونەوە، ئاماژەیان بە کەسێتیی ئەبوبەکر ئەفەندی داوە و باسی ژیان و بەرهەم و چالاکییەکانی و ڕۆڵی گرنگی لەنێو موسوڵمانانی ئەو هەرێمەدا کراوە.

ساڵی ٢٠١٠ کتێبێکی سەعید ئیبراهیم کریدیە سەبارەت بە موسوڵمانانی ئەفەریقای باشوور بە ناوی "کۆماری ئەفەریقای باشوور و

موسوڵمانەکانی"یەوە بڵاوکراوەتەوە.[11] ئەم کتێبە زیاتر تەرخانکراوە بۆ مێژووی موسوڵمانان لە ئەفەریقای باشوور، بە تایبەت لە ماوەی دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیی هۆڵەندی و بەریتانیدا لە کەیپ تاون، کە موسوڵمانەکان وەک کۆیلە براون بۆ ئەوێ. لە بەشێکی ئەم کتێبەدا، باسی ڕۆڵی هاتنی ئەبوبەکر ئەفەندی بۆ نێو موسوڵمانانی کەیپ تاون و بەتایبەت ئەو کێشانەیش کە موسوڵمانان لەوێ بەدەستیەوە گیرۆدەبوون، کراوە و چوونی ئەو ئەوەندە گرنگ بووە کە توانیویەتی کێشەکانیان بەپێی پێوەرە شەرعییەکان چارەسەربکا.

کتێبێکی دیکە محەمەد سادق ئیسماعیل بە عەرەبی لە بارەی ئەفەریقای باشوورەوە نووسیویە و ساڵی ٢٠١٣ بڵاوبووەتەوە؛ باسی ئەزموونی باشووری ئەفەریقا دەکا، بە تایبەت لە قۆناغی حوکمی نیلسۆن ماندێلا و بەرقەرارکردنی ئاشتەواییی نیشتمانیدا لەو وڵاتە.[12] لەو بەشەدا کە تەرخانکراوە بۆ مێژووی موسوڵمانەکان لە کەیپ تاون، بە کورتی ئاماژەی بە ڕۆڵی ئەبوبەکر ئەفەندی داوە و باسی ژیان و چالاکییەکانیی لە نێو موسوڵمانانی کەیپ تاوندا کردووە.

لە خستنەڕووی ئەم سەرچاوانەدا ڕووندەبێتەوە کە ئەبوبەکر ئەفەندی وەک کەسێتییەکی گرنگ لە دەوڵەتی عوسمانیدا، ڕۆڵێکی گرنگی لە نێو موسوڵمانانی ئەفەریقای باشووردا گێڕاوە. بۆیە هەموو نووسەرەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بایەخیان بە ژیننامە و بەرهەم و کار و چالاکییەکانی داوە و بەرز نرخاندوویانە.

**ئەبوبەکر ئەفەندی کێیە؟**

چەندین سەرچاوەی گرنگ و بڕواپێکراو سەبارەت ژیننامەی ئەبوبەکر ئەفەندی هەیە، لە توێژینەوەکاندا پشتیان پێبەستراوە. گرنگترینیان، بەڵگەنامەکانی وەقفی بنەماڵەکەی خۆیەتی کە زانیاریی گرنگی تێدایە لە بارەی بنەچەی بنەماڵەکەیان و ئەو مەدرەسەیەوە کە لە سیساوە دایانمەزراندووە، هەندێک لەم بەڵگەنامانە بۆ سەدەی دوازدەمی میلادی دەگەڕێتەوە.[13] سەرچاوەی دی، بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانییە، کە نیشانیدەدەن ئەو بنەماڵەیە لای بەرپرسانی عوسمانی ناسراوبووە، بە تایبەت ئەو کاتەی ئەبوبەکر ماوەی دە ساڵ لە ئەستەنبوڵ خوێندوویە و پەیوەندیی لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی عوسمانی هەبووە. ئەمانە دوو سەرچاوەی گرنگ و ئەرشیفین. سەرچاوەیەکی دیکەی ئەرشیفی عوسمانی، ئەو نامانەیە کە ئەبوبەکر لە کەیپ تاونەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانیی ناردوون و بەشێک لەو نامانە لە



وێنەی گەورەکراوی ئەبوبەکر ئەفەندی
کاتی گەیشتنی بە کەیپ تاون ساڵی ١٨٦٣ گیراوە.

[11] سعيد ابراهيم كريدية، جمهورية جنوب افريقيا ومسلموها، دار الرشاد، بيروت، ٢٠١٠.

[12] محمد صادق أسماعيل، تجربة جنوب أفريقيا: نيلسون مانديلا والمصالحة الوطنية، دار العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٣.

[13] بەشێکی زۆری ئەم بەڵگەنامانە لای محەمەد زۆبری ئەفەندیی نەوەی سێیەمی ئەبوبەکر پارێزراون و ئێستا لە کەیپ تاون لە ئەفەریقای باشوور دەژی.

ڕۆژنامەیەکی عوسمانیدا بە ناوی "مجموعە فنون"ەوە لە ئەستەنبووڵ بڵاوکراوەتەوە. سەرچاوەی چوارەم کوڕەکەی ئەبوبەکر خۆیەتی، کە دوایین کوڕی بچووکیەتی بە ناوی عومەر جەلالەدینەوە، کە هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە ژیاندا بووە، ژیاننامەی باوکیی بۆ ئەندریناوس ڤان سیلمس A. Van Selms گێڕاوەتەوە. ڤان سیلمس، کە بایەخی بە نووسراوی ئەفریکانی-عەرەبی داوە، شارەزای زمانە سامییەکان بووە لە زانکۆی پریتۆریای ئەفەریقای باشوور. پاش ئەوەی ئاشنابووە بە کتێبەکەی ئەبوبەکر ئەفەندی، کە بە زمانی ئەفریکانی و ئەلفبێی عەرەبی نووسیویەتی، هەوڵیداوە زانیاری لەبارەی ژیانی نووسەری ئەو کتێبەوە پەیدابکا. ئیدی ساڵی ١٩٥١ بۆ ئەم مەبەستە دوای ئەوەی بیستوویە یەکێک لە کوڕەکانی ئەبوبەکر کە ناوی عومەر جەلالەدینە، هێشتا دەژی، یەکسەر چووەتە لای لە کەیپ تاون، چاوپێکەوتنێکی ناوازەی لەگەڵ ئەنجامداوە. عومەر جەلالەدین، کە باوکی مردووە، تەمەنی تەنیا نۆ ساڵ بووە. لەم چاوپێکەوتنەدا هەموو ژیانی ئەبوبەکری هەر لە کوردستانەوە هەتا هاتنی بۆ کەیپ تاون، بۆ ڤان سیلمس گێڕاوەتەوە.[14] ئەمەش دەکرێ بە سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو دابنرێ بۆ ژیانی ئەبوبەکر، کە کوڕی خۆی ڕاستەوخۆ لە باوکیی یا لە برا گەورەکانیی بیستووە. جگە لەم هەموو سەرچاوانە، ئەرشیفی ئەفەریقای باشووریش، بە تایبەت شاری کەیپ تاون، کۆمەڵێک هەواڵ و ڕووداوی گرنگی پەیوەندیداری لەبارەی ژیان و چالاکییەکانی ئەبوبەکر ئەفەندییەوە تێدایە.

ناوی تەواوی ئەبوبەکر ئەفەندی، وەک لە پێشەکیی کتێبەکەی خۆی "بيان الدين"دا هاتووە و لە بەڵگەنامەکان و سەر کێلی گۆڕەکەشی نووسراوە:

لە پێشەکیی کتێبەکەیدا بەم شێوەیە ناوی تەواوی خۆی نووسیوە: "الحاج ابوبكر افندي من نسل امير سليمان ابن امير محمد ابن امير عبدالله ابن امير زيد من خاندان أهالي صهران تابع شهرزور وبغداد."[15]

لەسەر کێڵی گۆڕەکەشی ئەمەی خوارەوە نووسراوە: «السيد القرشي الأمجدي، المأمور من جهة الخلافة والدولة العثمانية لنشر علوم الدين والمعارف الربانية في هذه الأقطار، شيخ العلم ومفتي الأربع الأئمة مولانا ملا أبو بكر أفندي الخوشناوي أبن ملا عمر أبن صلاح الدين ملا مصطفى ابن باباپير سليمان ابن ملا مصطفى ابن ملا ابراهيم ابن امير سليمان ابن امير محمد ابن عضيد الدين عبدالله ابي زيد ابن ملا عزالدين محمد الفضل (قدس سره) ابن امير عبدالله ابن زين الدين ملا احمد ابن ملا عبدالحق سليمان من نسل مولانا ابى المحسن ملا عثمان حامد ابن ابى نصر الأمير سليمان الغازي القرشي الأمجدي، توفي الى رحمة مولاه فى اليوم الثاني من شهر شعبان سنة مئتين وست وتسعين بعد الألف، سنة ١٢٣٠ - من هجرة من له الشرف.»

بەپێی ئەم شەجەرەنامەیە وا پێدەچێ پێشینانی ئەبوبەکر زۆربەیان زانا و مەلا بووبن، هەر لەو مەدرەسەیەش کە سەدەی دوازدەم لە سیساوە دایانمەزراندووە، خوێندوویانە. هەروەها بنەچەی ئەم بنەماڵەیە بە ئەمجەدیی قورەیشی ناسراوە.

کوردناسی هۆڵەندی، مارتن ڤان برونێسن، لە توێژینەوەکەیدا سەبارەت بە ئەبوبەکر ئەفەندی، باسی ئەوەی کردووە کە هیچ یەکێک لەم ناوانە لەو کتێبانەدا کە لەبارەی ژیاننامەی زانایانی کوردەوە نووسراون، ناسراونین؛ ئاماژەی بە ناونەهێنانی لە کتێبەکەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس "بنەماڵەی

[14] Mia Brandel – Syries, The Religious duties of Islam as taught and explained by Abu Bakr Effendi, Netherland, Leiden, 1971. pp. VII.

[15] أبوبكر أفندى، بيان الدين، أستنبول، ١٨٧٧. دیباجة الكتاب. ئەم کتێبە بە زمانی ئەفریکانی نووسراوە، بەڵام پێشەکییەکی بە عەرەبی و بە تورکیی عوسمانی تێدایە، ئەبوبەکر خۆی نووسیویە و لەوێ ئاماژەی بە ئەسڵی ناوی خۆی و هاتنی بۆ کەیپ تاون داوە.

زانیاران" و کتێبەکەی محەمەدئەمین زەکیبەگ "مشاهیر الکرد وکردستان" و "شەرەفنامە"یش داوە، بۆیە پێی وایە بنەچەی ئەم بنەماڵە کوردە هێشتا دیارنییە.[16] ئەم بۆچوونەی مارتن لە کاتێکدا بووە کە هێشتا وەک پێویست توێژینەوە سەبارەت بە ئەسڵ و بنەچەی ئەبوبەکر ئەنجامنەدرابوو. بەڵام توێژینەوەکانی دواتر ئەم لایەنە تاریکەیان لە ژیننامەی ئەبوبەکر ڕۆشنکردەوە.

توێژەرەوەی تورک حەلیم گەنچۆغلوو، کە ماستەرنامەی لەسەر ژیانی ئەبوبەکر نووسیوە لە زانکۆی کەیپ تاون، لە توێژینەوەکەیدا سەیری هەموو ئەو بەڵگەنامانەی ئەرشیفی عوسمانیی کردووە کە پەیوەندییان بە بنەچە و ژیاننامەی ئەبوبەکر ئەفەندییەوە هەیە. لەوێ زۆر زانیاریی گرنگ و وردی لەسەر ژیانی ئەبوبەکر دەستکەوتووە. بەپێی ئەم بەڵگەنامانە، ئەم بنەماڵەیە لای عوسمانییەکان ناسراوبوون و ڕۆڵێکی گەورەیان لە ژیانی زانستی و سیاسیی دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە.

بەپێی بەڵگەنامەیەکی وەقف کە لای نەوەکانی ئەبوبەکر پارێزراوە، ئەمیر سولەیمان ئەلغازی ئەلئەمجەدی ساڵی ٥٢٣ک/١١٢٩ز مەدرەسەیەکی لە ویلایەتی شارەزوور دامەزراندووە.[17] ئەوسا ناوچەی خۆشناوەتی و سۆرانیش بەشێک بوون لە ویلایەتی شارەزوور.

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەی وەقفدا هاتووە کە ساڵی ١٠٣٩ک/١٦٢٣ز وەقفی ئەم ناوچەیە بە ناوی بنەماڵەی قورەیشیی ئەمجەدییەوە تۆمارکراوە.[18] ئەمەش دووبارە بەڵگەیە لەسەر بنەچەی ئەم بنەماڵەیە کە خەڵکی خۆشناوەتییە و هەر لە زووەوە لەم ناوچەیەدا بوون و زەویوزاریی وەقفیان هەبووە و لە گوندی سیساوە ژیاون.

[16] Martin van Bruinessen, 2000, pp. 133-141.

[17] Halim Gençoğlu, 2013. p. 22.

[18] Ibid. p. 23.

ناوی باوکی ئەبوبەکر، مەلا عومەر بووە، بە مەلا مەولاناش ناسراوە؛ ئەویش هەر لە مەدرەسەکەی باب و باپیرانی لە سیساوە خوێندوویەتی. مەلا عومەر، تەنیا دوو کوڕی هەبووە: عەبدوڕەحمان ئەمجەدی خۆشناو و عەبدولا ئەبوبەکر ئەفەندی. کوڕی یەکەم عەبدوڕەحمان، دوو کوڕی شاکر و عومەر ناوانی هەبووە. عومەر لەگەڵ ئەبوبەکر سەفەری کەیپ تاونی کردووە و ماوەی چوار ساڵ هەتا ساڵی ١٨٦٦ لەگەڵی ماوەتەوە.[19] ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا و بەسەرهاتی سەفەرەکەی خۆی بە تورکیی عوسمانی نووسیوە و لە ئەستەنبوڵ بە کتێبێک بڵاوکردووەتەوە.[20]

- **لەدایکبوونی:**

بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی، ئەبوبەکر ئەفەندی ساڵی ١٨١٤ لە گوندی سیساوە لەدایکبووە و سەر بە عەشیرەتی خۆشناوە، چونکە ناوی خۆشناویش لەگەڵ ناوی خۆی هاتووە.

سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونی، چەندین ساڵی جیاواز لە سەرچاوەکاندا هاتوون، شوێنی لەدایکبوونیشی شێوینراوە، بە گوندی خۆشناو یا شارەزوور هاتووە. بۆ نموونە، سەلیم ئەرگوون لە توێژینەوەکەیدا لەسەر ئەبوبەکر دەڵێ: - «ئەبوبەکر ئەفەندی ئەلئەمجەدی ساڵی ١٨٣٥ لە خۆشناو لەدایکبووە. ئەم گوندە لە دەشتی شارەزوورە کە ١٩٢ کیلۆمەتر لە خوار دەریاچەی ورمێ هەڵکەوتووە.»[21]

لە گەلێک سەرچاوەی دیدا، ناوی شوێنی لەدایکبوونی ئەبوبەکر بە خۆشناو هاتووە. لە

[19] Ibid. p. 26.

[20] ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩١ یووسف کاڤارچی لە تورکیی عوسمانییەوە کردوویە بە ئینگلیزی و لە کەیپ تاون چاپکراوە. بڕوانە:
Omer Lutfi Effendi, A travelogue of my journey to the Cape of Good Hope, translatedby Yusuf Z Kavarci, AL-Khaleel Publication, Cape Town, 1991.

[21] Selim Argun, 2000, p. 5.

هەندێک سەرچاوەی دی‌دا، شارەزوورە. لەوە ئاگادارنەبوون کە خۆشناو ناوی عەشیرەتە و گوند نییە، هەر ناوی عەشیرەتیش بووە بە ناسناوی خۆی و ئەبوبەکر ئەفەندیی خۆشناوی پێ‌گوتراوە. ئەوانەی کە پێیان وابووە لە شارەزوور لەدایکبووە، بێ‌ئاگابوون کە لەو سەردەمەدا ئەو ناوچەیە هەمووی سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بووە. دوای ئەوەی سوڵتان سلێمان کوڕی سوڵتان سەلیم ساڵی ١٥٣٤ باشووری کوردستانی داگیرکرد، ئەیالەتێکی لەم هەرێمە بە ناوی ئەیالەتی شارەزوورەوە پێکهێنا، کە ٢١ سنجەق یا قەزای هەبوو و ناوەندەکەشی شاری کەرکووک بوو.[٢٢] ئەم ئەیالەتە ساڵی ١٥٦٢ دامەزراوە و هەتا ساڵی ١٨٥٣ بەردەوام بووە، دواتر لەگەڵ ئەیالەتی بەغدا کراون بە یەک ئەیالەت بە ناوێکی نوێوە کە ئەیالەتی بەغداد لەگەڵ شارەزوور بووە (ايالة بغداد مع شهرزول) و ئەو سەردەمە ناوچەی سۆران و شاری ڕەواندز ویلایەتێکی سەر بەم ئەیالەتە بوون.[٢٣] هەر بۆیە ئەبوبەکر لە پێشەکیی کتێبەکەی خۆی‌دا، بە ڕوونی ئاماژەی بەوە داوە و گوتوویە: - «من خاندان أهالي صهران تابع شهرزور وبغداد،» واتە لە خانەدانی خەڵکی سۆرانە کە سەر بە شارەزوور و بەغدایە. مەبەستی لە سوهران هەمان میرنشینی سۆرانە کە ئەوسا ناوچەی خۆشناوەتی هەمووی سەر بەو میرنشینە بووە. ئەو نووسەرانەی کە شوێنی لەدایکبوونی ئەبوبەکر ئەفەندییان بە شارەزوور داناوە، هەر وایان زانیوە ئەم شارەزوورە هەمان شارەزووری ئێستایە کە سەر بە پارێزگای سلێمانییە.

لەبارەی مێژووی تەواوی لەدایکبوونی ئەبوبەکرەوە، دەکرێ ئاماژە بە پاسپۆرتەکەی بکرێ کە کاتی سەفەری بۆ کەیپ تاون، لە لایەن نووسینگەی کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانییەوە دەرچووە. بەپێی ئەم پاسپۆرتە، ئەو کاتەی ئەبوبەکر بەڕێکەوتووە بۆ کەیپ تاون، ساڵی ١٨٦٢ و ئەوسا تەمەنی ٤٨ ساڵ بووە. ساڵی ١٨٨٠یش لە کەیپ تاون سەری‌ناوەتەوە. کەواتە کاتێک مردووە، لە تەمەنی ٦٧ ساڵی‌دا بووە.[٢٤]

### - دەرچوونی لە کوردستان و کۆچکردنی بۆ ئەرزەڕۆم

سەبارەت بە کۆچکردنی ئەم بنەماڵەیە بۆ ئەرزەڕۆم، زانیاریی تەواو لە بەردەستدا نییە. زۆربەی سەرچاوەکان زۆر بە کورتی ئاماژەیان بۆ شەڕێک کردووە کە لە گوندەکە ڕوویداوە و بووە بە هۆی کۆچکردنیان لە کوردستانەوە بەرەو ئەرزەڕۆم. بەڵام کاتێک تەماشای سەرچاوە مێژووییەکان دەکەین، هیچ نووسراوێکی مێژوویی نییە ئاماژەی بۆ شەڕێکی وەهای ساڵی ١٨٣٠ لە گوندەکەیان‌دا کردبێ.

دەرچوونی بنەماڵەی ئەبوبەکریش لە کوردستانەوە بۆ ئەرزەڕۆم، هەر ئەوەندە باس‌کراوە کە هێزێکی بەدەوی هێرشیان کردووەتە سەر گوندەکەیان و ناچاریان‌کردوون گوندەکەیان بەجێ‌بهێڵن و کۆچبکەن بۆ ئەرزەڕۆم.[٢٥]

بەڵام حەلیم گەنچۆغلوو لە توێژینەوەکەی‌دا هەندێک درێژتر باسی‌کردووە و نووسیویە: ساڵی ١٨٣٠ چەند هۆزێکی یاخی لە دەسەڵات لە گوندی سیساوە، بۆ ئەوەی باجنەدەن بە حکوومەت، هێرشیان‌کردووەتە سەر گوندەکەی بنەماڵەی ئەبوبەکر ئەفەندی و بووە بە شەڕ؛ لە ئەنجام‌دا باوکی ئەبوبەکر کوژراوە و مەدرەسەکەش

---

[٢٢] عبدالرقيب يوسف، حدود كردستان الجنوبية تاريخيا وجغرافيا، خلال خمسة الآف عام، الطبعة الثانية، مطبعة شڤان، السليمانية، ٢٠٠٥. ص١٢٠.

[٢٣] محەمەد ئەحمەد ئیبراهیم گەلاڵی، قەزای ڕواندز لە ساڵنامەکانی عوسمانی‌دا ١٨٦٢ – ١٩١٢، لە کتێبی (پرۆسیدینگی یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی: ڕواندز و پێگەییکی ژیاری و بەدەوڵەتبوون لە مێژووی کورددا)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٧، ل٢٣٢.

[24] Halim Gençoğlu, 2013. p. .25.

[25] Mia Brandel – Syries, 1971, pp. VII.

لەناوبراوە. لەبەرئەوە هەموو بنەماڵەکە ناچاربوون سیساوە بەجێبهێڵن و بەرەو ئەنادۆڵ کۆچبکەن و دواتر لە شاری ئەرزەڕۆم بگیرسێنەوە.[٢٦]

ئەو سەردەمەی کە ئەو شەڕە بووە، سەردەمی میرنشینی سۆرانە و ئەو ناوچەیە لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بەو میرنشینە بووە. بۆیە بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی ئەم میرنشینە، ڕەنگە هەندێک ڕاستی ئاشکرابێ سەبارە بەو شەڕەی کە لەو گوندە ڕوویداوە و بووە بە هۆی کۆچکردنی ئەو بنەماڵەیە بۆ ئەرزەڕۆم.

ئەم کۆچکردنەی ئەبوبەکر و بنەماڵەکەی بۆ ئەرزەڕۆم و دوورکەوتنەوەیان لە کوردستان و دواتریش چوونی ئەبوبەکر بۆ کەیپ تاون و مانەوە و مردنی لەوێ، کاریگەریانکردووە ئەم بنەماڵە کوردە هەواڵیان لە کوردستان نەمێنێ، ناو و شۆرەتی ئەبوبەکریش زیاتر لای دەسەڵاتدارانی عوسمانی بووە و کورد لێی ئاگادارنەبووە.

بە ڕای نووسەر، ئەمە گرنگترین هۆکارە کە ئەم زانا کوردە لە کوردستان هیچ هەواڵیکی نییە و ناناسرێ، هەواڵی زیاتریش لای تورکە عوسمانییەکان بووە. ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی پڕیەتی لە هەواڵ و چالاکیی ئەبوبەکر ئەفەندی لە ئەستەنبووڵ و ئەفەریقای باشوور، لێرە لە بەشەکانی داهاتوودا زیاتر باسیدەکەین.

**خوێندن و پلەی زانستیی**

ئەبوبەکر، لە ژینگەیەکی پڕ لە زانستدا خوێندوویەتی و گەورەبووە. مەلا عومەری باوکی لە مەدرەسەی گوندەکە مەلا و موفتیش بووە. بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی بنەماڵەکەیان کە بە عەرەبییە و ساڵی ١٦٢٣ز (١٠٣٩ک) نووسراوە و لای یەکێک لە نەوەکەی خۆی پارێزراوە، باسی ئەم مەدرەسەیەی تێدا کراوە، کە دەوڵەتی عوسمانی پشتگیریکردووە و یارمەتییداوە.[٢٧] ئەو مەدرەسەیەش چارەکی یەکەمی سەدەی دوازدەیەمی زایینی، ئەبونەسر ئەمیر سولەیمان دروستیکردووە. لەم بەڵگەنامەیەدا خشتەی ڕۆژانەی خوێندنی مەدرەسەکەیش دانراوە، کە پێویستە لە بەیانییەوە هەتا شەو چی بخوێندرێ و چی بکرێ.[٢٨]

ئەبوبەکر هەر لە تەمەنی دوو ساڵییەوە تا پازدە ساڵی، نێوان ١٨١٦-١٨٣٠، لەم مەدرەسەیە خوێندوویەتی. دوای ئەوەی بنەماڵەکەیان ئاوارەی ئەرزەڕۆم بووە، ئەبوبەکر لەوێ درێژەی بە خوێندن داوە و پاشان بۆ پەرەپێدانی زانست و خوێندنی زیاتر، چووە بۆ ئەستەنبووڵ. ماوەی دە ساڵ لە مەدرەسەیەکی ئەوێ خوێندوویەتی. دوای ئەوە بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕووی لە بەغدا کردووە. کاتی مانەوەی لە بەغدا، سەفەرێکی مەککەی کردووە، بۆ ئەوەی پلەیەکی بەرزتری خوێندنی ئیسلامی بە دەستبێنێ.[٢٩]

دوای تەواوکردنی خوێندن، بووە بە مەلا و ئیجازەی مودەریسیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ ئەرزەڕۆم. بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی، ئەبوبەکر ئەفەندی ١٨٦١/٣/١٣ لە مەدرەسەی سارایۆنو Sarayonu لە ئەرزەڕۆم بووە بە مودەریس و موچەکەی ١٥٠ لیرەی تورکی (قرۆش) بووە. بەگوێرەی هەمان سەرچاوە، ئەبوبەکر ماوەیەکیش لە نووسینگەی کاروباری دەرەوەی عوسمانی کاریکردووە، هەر بەهۆی کارەکەیەوە پەیوەندیی لەگەڵ پیاوماقووڵانی بابی عالی بنیاتناوە و ناوبانگی دەرکردووە.

ماوەی مانەوەی لە ئەستەنبووڵ و خوێندنی لە مەدرەسە، لەگەڵ وەزیرێکی پایەبڵندی عوسمانی، ئەحمەد جەودەتپاشا، هاوڕێیەتیی هەبووە. وەزیری ناوبراو باسی بەرنامەی خوێندنی ئەو مەدرەسەیەی ئەستەنبوڵی کردووە کە ئەبوبەکر ماوەی دە ساڵ لێی خوێندووە. بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی جەودەتپاشا، خوێندن لەم مەدرەسانە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بووە. ئەمە

[٢٦] Halim Gençoğlu, 2013. p. 26.

[٢٧] کۆپیی ئەم ئەم بەڵگەنامەیە لە پاشکۆی وێنەکاندا دانراوە.

[28] Ibid, p. 27.

[29] Ibid, p. 28.

هەندێک لەو بابەتانەیە کە لەو مەدەرسەیە خوێندراون: فەلسەفە، عیلمی مەنتیق، عیلمی نەفس، عیلمی ڕیازیات، عیلمی جەبر، تەسەوف، عیلمی ئیقتیساد، عیلمی فیقهـ عیلمی کەلام، عیلمی قورئان (خوێندنەوە)، عیلمی تەفسیر، عیلمی حەدیس، عیلمی مونازەرە، زمانە بێگانەکان: عەرەبی، فارسی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ڕووسی، عیلمی خەت (هونەری خەتخۆشی)، زمانناسی وەک زمانی عەرەبی و ڕێزمان و ڕستەسازی، عیلمی ڕۆح،... .[30]

لێرەدا ڕوون‌دەبێتەوە کە خوێندنی ئەو سەردەمە لەو مەدرەسەیە زۆر گشتگیر و فراوان بووە و هەموو زانستەکان خوێندراوە، دە ساڵیش کە ماوەیەکی درێژە، ماندووبوونێکی زۆر و خوێندنێکی چڕوپڕی ویستوون.

**پایەی ئەبوبەکر ئەفەندی لای عوسمانییەکان**

بێ‌گومان هەڵبژاردنی زانایەکی موسوڵمان کە ببێتە نێردراوی دەوڵەتی عوسمانی، بێ‌پێشینە و بێ‌زانیاری نەبووە، بە تایبەت کە عوسمانییەکان هەموو زانایەکیان نەناردووەتە دەرەوە، مەگەر زانایەکی زۆر بەتوانا و شارەزای زانستە ئیسلامییەکان بووبێ. هەروەها دەبوو ناوبانگ و شان‌وشکۆیەکی باشی هەبێ. لەم ڕووەوە ئەبوبەکر ئەفەندی وەک کەسێکی ناسراو و شارەزا لە زانستە ئیسلامییەکان‌دا، جێگەی سەرنجی دەوڵەتی عوسمانی بووە. لەبەرئەوە بەجێ‌گەیاندنی ئەم ئەرکە زانستی و سیاسییەی لە ئەفەریقای باشوور خراوەتە ئەستۆ. ئەمە جگە لەوەی کە لای سەرانی دەوڵەتی عوسمانی ناسراوبووە و پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ پیاوە گەورەکانی عوسمانی هەبووە، بە تایبەت ماوەی ساڵی ١٨٥٠ کە لە ئەستەنبووڵ خوێندوویەتی، ئەو پەیوەندییەی دامەزراندووە. بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی، ئەبوبەکر لە نووسینگەی وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری دەرەوە کاری‌کردووە، هەروەها سەرەتاکانی ١٨٦٠ لەبەر پایەی بەرزی لە ڕووی زانستەوە، دەوڵەت بە ناوی "پیاوی قەڵەم"ەوە وەک کارمەندی خۆی دایمەزراندووە.[31]

لە لایەکی دیکەوە، ئەبوبەکر ئەفەندی ئەو ماوەیەی کە لە ئەستەنبووڵ بووە، خانوویەکی لە نووری عوسمانییە کڕیوە، کە ئەوسا لە سەدەی نۆزدەیەم‌دا گەڕەکێکی گرانبەهای ناوەڕاستی شاری ئەستەنبووڵ بووە. هەر وەک لە وەسێتنامەکەی‌دا هاتووە، ئەو خانووەی لەوێ هەبووە و نووسیویەتی بۆی بفرۆشن و پارەکەی بدەن بە خەڵکی هەژار و بێ‌دەرەتان. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەبوبەکر، سەرەڕای پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ سەرانی عوسمانی، لە ئەستەنبووڵ باری دارایی و ژیانی باش بووە و خۆشگوزەران ژیاوە.[32]

**سەفەری بۆ ئەفەریقای باشوور**

سەبارەت بە سەفەری ئەبوبەکر ئەفەندی بۆ باشووری ئەفەریقا، هەموو سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن کە کێشە و ململانێیەکی زۆر لە نێو موسوڵمانانی کەیپ تاون‌دا هەبووە، بەتایبەت کێشەی جێگرتنەوەی ئیمام لە مزگەوتی "دار خورما" ساڵی ١٨٦٠، کە دواتر بە درێژی لێی‌دەدوێین. کێشەکە ئەوەندە گەورەبووە، مەترسیی تێکچوونی یەکڕیزیی موسوڵمانانی لێ چاوەڕێ‌کراوە، بۆیە داوای زانایەکی تەواو بێ‌لایەنی موسوڵمان کراوە لە دەرەوەی ئەفەریقای باشوور، بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەربکا. لە لایەکی دییەوە، لەبەرئەوەی موسوڵمانانی کەیپ تاون دووسەدە زیاتر بوو لە ئەندەنۆسیا و مالیزیاوە چووبوونە ئەم قاڕەیە، لە وڵاتی ئەسڵیی خۆیان پچڕابوون و زۆر لە ڕێنماییە دینییەکانی ئیسلامیان لەبیرنەمابوو، یان شارەزایان نەبوون؛ زمانی خۆیشیان (مەلاوی) لەدەست‌دابوو، بە زمانی ئەفریکانی قسەیان‌کردووە. بۆیە پێویستیان بە زانایەکی شارەزای دینی بووە ڕێنماییان‌بکا بۆ

---

[30] Ibid, p. 29.

[31] Ibid. p. 50.

[32] Ibid. p.50.

دینێکی ڕاستەقینەی ئیسلام و داوای ڕێبەرێکی دینیی لەو شێوەیەیان کردووە بۆ چارەسەری ئەم کێشانە و ڕێنماییی موسوڵمانان. بۆ ئەم مەبەستە داواکراوە لە پێتروس ئیمانۆئیل دە ڕوباکس P. E. de Roubaixی پەرلەمانتاری شاری کەیپ تاون، کە زۆر بایەخی بە کاروباری موسوڵمانانی کەیپ داوە، لەم کێشەیە ئاگاداربووە و هەوڵی‌داوە بۆ ئەم ئاگاداری‌کردووەتەوە. ئەوە بوو دەوڵەتی عوسمانیش ئەبوبەکر ئەفەندیی نارد.[٣٣]

ئەو سەردەمە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و بەریتانیا بەهێزبوو، هەردوو لا بۆ زۆربەی کێشەکان هاوکاری یەکتر بوون، بەتایبەت دوای شەڕی قرم ساڵی ١٨٥٤ کە پێکەوە ڕێککەوتنێکیان ئیمزاکرد؛ بەوپێیە دەبوو دەوڵەتی



گەڕەکی ڕەنگاوڕەنگی بۆ کاپ Bo-Kaap لە شاری کۆنی کەیپ تاون، شوێنی نیشتەجێبوونی موسوڵمانان لە سەدەی حەڤدەمەوە

مەبەستە یارمەتییان بدا. ئەویش داوای یارمەتیی لە حکوومەتی بەریتانیا کردووە. ئیدی ڤیکتۆریای ژنەشای بەریتانیا بە ڕەسمی داوای لە سوڵتانی عوسمانی، عەبدولعزیزخان، کردووە زانایەکی موسوڵمان بنێرێتە لای موسوڵمانانی کەیپ. حکوومەتی عوسمانیش یەکسەر ئەم داوایەی جێبەجێ‌کردووە و سوڵتان عەبدولعەزیز فەرمانێکی شاهانەی بۆ دەرکردووە. دوای ئەوە موسروس‌پاشای باڵیۆزی عوسمانی لە لەندەن نامەیەکی ناردووە بۆ دە ڕوباکس سەبارەت بە ناردنی زانایەکی موسوڵمان بۆ کەیپ و عوسمانی ڕەوشی مەسیحییەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەکەی‌دا باش‌بکا و بەرانبەر بەوەش بەریتانیا ڕەوشی هەموو موسوڵمانانی کۆلۆنییەکانی خۆی، بە ناوچەی کەیپ تاونیشەوە، باش‌بکا. بەریتانیا بۆ ئەم مەبەستە داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد، نەک وڵاتانی دیکەی موسوڵمان.[٣٤]

لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی‌دا ئاماژە بەوە کراوە کە پێش ئەوەی ئەبوبەکر بنێردرێ بۆ

[33] Ibid. p. 54.

[٣٤] محمد صادق أسماعيل، تجربة جنوب أفريقيا: نيلسون مانديلا والمصالحة الوطنية، دار العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٣، ص٦٢.

کەیپ تاون، تاقیکردنەوەیەکی پێکراوە، بۆ دڵنیابوون لە توانای زانستیی ناوبراو بۆ بابەتە دینییەکان. هەروەک لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا هاتووە، ئەبوبەکر دوای دەرچوونی لە تاقیکردنەوە، بڕیاردراوە بنێردرێ بۆ کەیپ تاون، سەرباری بڕی ئەو پارەیە کە بۆی تەرخانکراوە بۆ سەفەرەکەی و ئەو مووچەیەیش کە دەوڵەتی عوسمانی بۆی بڕیوەتەوە. ئەمەی خوارەوە دەقی نامەکەیە:

«بۆ ئەنجومەنی باڵای دادی حکوومەت (هەیئەتی وکەلا)[35]

زانایەکی عوسمانی لە شارەزوور، لە لایەن ئەحمەد جەودەتەوە هەڵبژێردرا و قبووڵکرا وەک نێردراوی دینیی خەلافەت بۆ ئەوەی ڕەوانەی جەمسەری هیوای خۆشی (رأس الرجاء الصالح) بکرێ. بۆ ئەم مەبەستە، زانا ئەبوبەکر ئەفەندی هەڵبژێردرا کە لە عەرەبیدا زۆر ڕەوان و بەهێزە، هەروەها شارەزاییەکی قووڵی لە بابەتە دینییەکاندا هەیە. دوای تاقیکردنەوە، بڕیاردرا بڕی ٧٥٠٠ پاوەندی تورکیی پێبدرێ بۆ سەفەری بەرەو لەندەن. بۆ خەرجیی سەفەرەکەشی لە لەندەنەوە بۆ جەمسەری هیوای خۆشی، ئەم بڕە پارەیەی لە باڵیۆزخانەی تورکی لە لەندەن بۆ خەرجدەکرێ. کاتی گەیشتنی بۆ کۆلۆنیی کەیپ تاون، مووچەکەی ٢٥ پاوەندی تورکییە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە لایەن حکوومەتی عوسمانییەوە پێیدەدرێ.»[36]

دوای ئەم تاقیکردنەوەیە، بڕوانامەی شارەزاییی لە بابەتە دینییەکاندا پێدراوە، دەقەکەی بە عەرەبییە و ئەمەی خوارەوەیە:

تربية السيد القرشي الأمجدي المأمور من جهة الخلافة والدولة العثمانية لنشر علوم الدين والمعارف الربانية في هذه الأقطار، البحر المحقق والحبر المدقق، شيخ العلم ومفتي الأربع الأئمة مولانا ملا الصلبي عبدالله أبو بكر أفندي الخشناوي القرشي الأمجدي.[37]

ئەم شەهادەیە بەڵگەی تواناییی ئەبوبەکرە بۆ ئەوەی بنێردرێ بۆ کەیپ تاون و لەوێ ڕۆڵی زانایەکی دینی بگێڕێ. لێرەدا ڕووندەبێتەوە کە ئەبوبەکر بەپێی شارەزاییی قووڵی لە بابەتە دینییەکانی ئیسلامدا و ناوبانگی زانستیی، بڕوانامەی پێدراوە، بۆ ئەوەی بکرێ بە نێردراوی خەلافەتی عوسمانی بۆ کەیپ تاون.

ئەبوبەکر ئامادەبووە بۆ سەفەر لە ڕێی لەندەنەوە بەرەو کەیپ تاون. ١٨٦٢/١٠/١ ئەبوبەکر لەگەڵ عومەر لوتفیی برازای، ئەستەنبووڵیان بەجێهێشتووە بەرەو لەندەن. سەرەتا چوونەتە پاریس، لە ڕێی دوورگەی کۆرسیکا و ساردینیاوە چوونەتە مارسیل، لەوێشەوە بۆ پاریس. دوای هەفتەیەک گەیشتوونەتە پاریس. هەفتەیەکیش لە پاریس ماونەتەوە و بەناو شارەکەدا گەڕاون، ئەوجا سەفەریانکردووە بۆ لەندەن. لە لەندەنیش دوو مانگ ماونەتەوە.[38] بەپێی ئەو زانیارییەی کە لە عومەر جەلالەدینی کوڕی ئەبوبەکر وەرگیراوە، کاتێک لە لەندەن بوون، ئەبوبەکر چووە بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی بۆ سەردانی مەلیکە ڤیکتۆریا، کە مەلیکە لەو کاتەدا پشوودانی هەبووە و لە سەفەر بووە لە سکۆتلاند، بۆیە نەیتوانیوە ببینێ. هەروەها زانیارییان پێداوە کە ڕۆژی دواتر کەشتی لە لیڤەرپووڵەوە دەڕوا بۆ کەیپ تاون.[39]

لە ١٨٦٢/١٢/٣دا سواری کەشتی بوون لە لیڤەرپووڵەوە بۆ کەیپ تاون. دوای سەفەرێکی درێژ، ١٨٦٣/١/١٣ گەیشتوونە کەیپ تاون.[40] واتە نزیکەی چل ڕۆژ بە ڕێگەوە بوون.

لێرەدا پێش ئەوەی باسی چالاکییەکانی ئەبوبەکر بکەین لە کەیپ، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی باسەکە، بە پێویستی دەزانین بە کورتی قسە

36 Halim Gençoğlu, 2013. p. 55.

37 Ibid. p. 56.

38 Selim Argun, p. 30.

39 Mia Brandel – Syries, 1971. p. VIII.

40 Halim Gençoğlu, 2013. p. 56–57.

لەبارەی موسوڵمانانی کەیپ تاون و مێژووی چوونیانەوە بۆ ئەو شارە بکەین. هەروەها شتێکیش بدوێین سەبارەت بە زمانی ئەفریکانی، کە زمانی هاوبەشی موسوڵمانانی کەیپ بووە و دواتر ئەبوبەکر فێریبووە و کتێبەکەی "بیان الدین"ی هەر بەو زمانە و بە ئەلفبێی عەرەبی پێنووسیوە.

**موسوڵمانانی کەیپ تاون**

باشووری ئەفەریقا، بە تایبەت ناوچەی کەیپ تاون، هەمیشە جێگەی چاوتێبڕینی هێزە کۆلۆنیالییە ئەوروپاییەکان بووە، بە تایبەت لە سەدەی لەوەدایە کە سەرەڕێگەیەکی زۆر گرنگی بازرگانیی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بووە. سەرەتا پورتوگالییەکان هەوڵی دۆزینەوەی ئەم ڕێگەیەیان داوە، ئەوە بوو ساڵی ١٤٩٧ ڤاسکۆ دێ گاما ئەم ڕێگەیەی دۆزییەوە و لەوێوە ڕۆی بەرەو هیندستان. دواتر هۆڵەندییەکان وەک هێزێکی کۆلۆنی هەوڵی داگیرکردنی ئەم ڕێگەیەیان داوە. کاتێک کەشتییە هۆڵەندییەکان لە هۆڵەندەوە بەرەو ڕۆژهەڵات بەڕێکەوتوون بۆ کۆلۆنییەکانیان لە مالیزیا و ئەندەنۆسیا و هیندستان لە ڕۆژهەڵات،



وێنەی ئەبوبەکر ئەفەندی (دانیشتوو لە پێشەوە جوبەیەکی ڕەشی لە بەرە) کە تاکە وێنەیەکە لەپاشی بەجێماوە، ڕۆژی ١٨٦٣/١/١٤، ڕۆژێک دوای گەیشتنی بە کەیپ تاون لە ئەفەریقای باشوور، لەگەڵ کۆمەڵێک مەلا و پیاوانی دینیی موسوڵمانی کەیپ تاون گیراوە

پازدەیەم و شازدەیەمدا کە هێزە کۆلۆنیالییەکان لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەی ئاویدا بوون بەرەو هیندستان و وڵاتانی دیکەی ئاسیا. ناوچەی کەیپ تاون لێواری ئەوپەڕی کۆتاییی باشووری ئەم قاڕەیەیە، وەک نووکێک درێژبووەتەوە، کەشتی لەو شوێنەدا ڕێڕەوی دەگۆڕێ لە ئاراستەی باشوورەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوا. بایەخی ئەم ناوچەیە بۆ پشوودان و حەسانەوە لە کەیپ تاون وەستاون. کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتیی هۆڵەندیی هیندی ساڵی ١٦٥٢ یەکەم کۆلۆنیی لەم لێوارە ستراتیجییە دامەزراندووە. هەتا ساڵی ١٦٨٧ نزیکەی ١٥٠ خێزانی هۆڵەندی لەوێ نیشتەجێبوون.[41]

[41] N. E. Davis, A History of Southern Africa, Longman

كۆتاییی سەدەی حەڤدەیەم، كۆلۆنیی هۆڵەندی لە كەیپ تاون بەرەو فراوانبوون چووە. دواتر هۆڵەندییەكان ئەو شوێنەیان بەكارهێناوە بۆ گیراوە سیاسییەكان و دوورخستنەوەیان، بەتایبەت ئەوانەی كە لە ئەندەنۆسیا و مالیزیا سەرپێچیی دەسەڵاتی هۆڵەندییان كردووە و سزادراون و دوورخراونەوە بۆ ئەو شوێنە دوورە، تا نەتوانن چیدی پەیوەندی بە وڵاتی خۆیانەوە بكەن.

هەتا كۆتاییی سەدەی حەڤدەیەم، ئەو موسوڵمانانەی كە چون بۆ كەیپ، ژمارەیان كەم بووە. كۆمپانیای ڕۆژهەڵاتیی هۆڵەندیی هیندی لە سەدەی هەژدەمدا ژمارەیەكی زۆری كۆیلەی بۆ



وێنەی عومەر لوتفی (دانیشتوو لە ناوەڕاست)ی برازای ئەبوبەكر ئەفەندی و هاوسەفەری

كەیپ گواستووەتەوە، زۆربەیان موسوڵمان و خەڵكی هیندستان و مالیزیا و ئەندەنۆسیا و سریلانكا و مەدەغەشقەر و چەند وڵاتێكی دی بوون، كە سەرجەم ١٢٩٦ كەس بوون. ئەو كۆیلانە لە كێڵگەكاندا بیگارییان پێكراوە. كۆیلە موسوڵمانەكان هەوڵی بڵاوكردنەوەی دینی ئیسلامیان لەناو كۆیلە ناموسوڵمانەكاندا داوە. ئیدی دوای ئەوە ژمارەی موسوڵمان لە كەیپ زیادبووە. ساڵی ١٧٧٥ تێكڕای دانیشتووانی كەیپ ١٢ هەزار كەس بووە، لەوانە نیوەیان كۆیلە بووە. بەم پێیە هەتا ساڵی ١٨٣٠ ژمارەی كۆیلەكان لە كەیپ، بووە بە ٨٢٦٨ كەس، لەوانە ٤٧٦٦ كەس موسوڵمان بووە، واتە ٥٧،٦٤٪ی كۆیلەكان موسوڵمان بوون.[٤٢]

ساڵی ١٧٨٠ ئیمام عەبدوڵا كوڕی قازی عەبدوسەلام، ناسراو بە توان گورو Tuan Guru، وەك زیندانی حكوومەت براوەتە كەیپ. توان گورو كەسێكی شارەزای دینی ئیسلام و قورئانی لەبەربووە. كتێبێكی لەبارەی فیقهی ئیسلامەوە نووسیوە و بە زمانی مەلاوی و و پورتوگالی بە ئەلفبێی عەرەبی نووسیویە. ئەوسا ئەلفبێی عەرەبی بۆ زمانی مەلاوی و پورتوگالی لەنێو موسوڵمانانی ڕۆژهەڵاتی هیندا باوبووە. توان گوروش، كە هەر لەم ناوچەیەوە دوورخراوەتەوە بۆ كەیپ، كتێبەكەی بەو زمانە و بە ئەلفبێی عەرەبی بووە. لە هەمووی گرنگتر، كتێبەكە لەسەر فیقهی شافیعی نووسراوە، كە موسوڵمانانی كەیپیش هەر سەر بە مەزهەبی شافعی بوون. ئەم كتێبە بۆ ماوەیەكی درێژ سەرچاوەیەكی سەرەكی بووە بۆ موسوڵمانانی كەیپ.[٤٣] دواتر توان گورو ئازادكراوە و ژنی‌هێناوە. یەكەم كارێك كە ئەنجامی‌داوە، دامەزراندنی مەدرەسە بووە بۆ خوێندنی دەرسی دینی. مەدرەسە ڕۆڵێكی گەورەی لە بووژاندنەوەی دینی ئیسلام و بڵاوكردنەوەی ئیسلام لەنێو كۆیلەكاندا هەبووە. هەروەها نووسینی ئەفریكانی بە ئەلفبێی عەرەبی لەم مەدرەسەیە دەستی پێكردووە. هەر لەوێش فێری خوێندنەوەی

group Ltd, UK, 2003, pp. 19-20.

[42] Ebrahim Mahomed Mahida, History of Muslims in South Africa: A Chronology, Arabic Study Circle, Durban, South Africa, 1993, pp. 2-18.

[43] Achmat Davids, The history of Tana Baru, Cape Town, Februray, 1985, pp. 41-42.

قورئان و زمانی عەرەبی بوون و چەندین ئیمامیش هەر لەم مەدرەسەیە پێگەیشتوون.

ساڵی ١٧٩٥ دەسەڵاتی کۆلۆنی لە کەیپ گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئەم گۆڕانەش دوای چەند گۆڕانکارییەکی سیاسی بووە لە ئەوروپا. پاش بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسا ساڵی ١٧٨٩، کاریگەرییەکانی ئەو شۆڕشە بە ئەورووپادا تەنیوەتەوە. ناپلیۆن ساڵی ١٧٩٥ هۆڵەندەی داگیرکردووە و میری هۆڵەندە کە ناوی ولیەم بووە، هەڵاتووە بۆ بەریتانیا، داوایکردووە بەریتانیا ناوچەی کەیپ داگیربکا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی فەرەنسا لەوێ بەهێزنەبێ.[٤٤]

بەم پێیە دەسەڵاتی هۆڵەندی لە کەیپ نەماوە و ناوچەکە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی بەریتانیا. دەسەڵاتی ئینگلیز لە مامەڵەدا لەگەڵ موسوڵمانانی کەیپ، نەرمتر و باشتر بووە؛ ئەوە بوو بۆ یەکەمجار ڕێگەیان پێدرا لە کەیپ مزگەوت دروستبکەن. توان گورو یەکسەر باڵەخانەیەکی گەورەی بەکارهێناوە بۆ مزگەوت. بەم شێوەیە یەکەمین مزگەوت لە کەیپ پەیدابووە بۆ موسوڵمانان، تا نوێژی تێدا بکەن.

ساڵی ١٨٠٤ ئازادیی دینیش لە کەیپ ڕاگەیێندراوە، ئەمجارە موسوڵمانان ئازادییان زیاتربووە، چونکە پێشتر ئازادیی موسوڵمانان لە بەجێگەیاندنی مەراسیمی دینیی خۆیاندا سنووردارببووە.[٤٥]

ساڵی ١٨٠٥ پارچەزەوییەک دراوە بە موسوڵمانان بۆ شاردنەوەی مردووەکانیان، ناوی تانا بارو Tana Baru بووە. ئەو شوێنە پێشتر موسوڵمانان مردووەکانیان تێدا بەخاکسپاردووە. بەم پێیە گۆڕستانی موسوڵمانانیش لە کەیپ پەیدابووە. دواتر کەسێتییە موسوڵمانەکانی کەیپ، وەک توان گورو و توان سەید ئالۆویی و ئەبوبەکر ئەفەندیش، پاش مردنیان هەر لەم گۆڕستانە نێژراون.[٤٦] دووەم مزگەوت ساڵی ١٨٠٧ بە ناوی مزگەوتی دارخورما Palm tree Mosque وە لەسەر شەقامی لۆنگ Long Streetی کەیپ بنیاتنراوە.[٤٧]

ساڵی ١٨٣٤ پەرلەمانی بەریتانیا بڕیارێکی بە ناوی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەیی‌یەوە دەرکردووە. بەپێی ئەم بڕیارە، لە بەریتانیا و هەموو کۆلۆنییەکانی‌دا، بە ناوچەی کەیپ تاونیشەوە کە پێی دەگوترا جەمسەری هیوای خۆشی (رأس الرجاء الصالح)، جێبەجێکراوە. ئەم بڕیارە بارودۆخی موسوڵمانانی کەیپی باشترکردووە، چونکە زۆربەیان کۆیلەبوون. دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە، هەموو کۆیلەکان ئازادکراون. ژمارەی موسوڵمانانیش زیادبووە و ساڵی ١٨٤٠ نزیک بە ٦٤٣٥ موسوڵمان لە کەیپ هەبووە، ئەوسا سێیەکی دانیشتوانی کەیپ بوون.[٤٨]

ئەوەی ماوە باسی بکرێ، ئەو گەڕەکەیە کە موسوڵمانە کۆیلەکان لە کەیپ تاون سەرەتا تێیدا نیشتەجێبوون. ئەو موسوڵمانانەی کە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەمدا وەک کۆیلە هێنراون بۆ کەیپ، لە ناوچەیەک نیشتەجێکراون پێی گوتراوە بۆ کاپ Bo-Kaap. کۆمەڵگەی موسوڵمان لە بۆکاپ بە خێرایی گەشەیکردووە؛ سەرەتا گەڕەکێکی هەژارنشین و ناوی گەڕەکی مەلاوی بووە، بەڵام دواتر بووە بە گەڕەکێکی مێژوویی و خانووی ڕەنگاوڕەنگی لێ دروستکراوە. خانووەکان لە بەرد دروستکراون و شێوازی بیناسازیی کۆنیان هەبووە. چەند مزگەوتێکی کۆن هەر لە نێو ئەم گەڕەکەدا دروستکراون. ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەم

---

٤٤ محمد صادق أسماعيل، تجربة جنوب أفريقيا: نيلسون مانديلا والمصالحة الوطنية، دار العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٣، ص٦٢-٦٣.

45 Ebrahim Mahomed Mahida, 1993, pp. 2-18.

46 Achmat Davids, 1985. Pp. 2-3.

47 Ebrahim Mahomed Mahida, 1993, p.18.

٤٨ محمد صادق أسماعيل، تجربة جنوب أفريقيا: نيلسون مانديلا والمصالحة الوطنية، دار العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٣. ص ٦٦.

شارەوانیی کەیپ تاون دەستیکردووە بە نۆژەنکردنەوەیان، چونکە بە بەشێکی گرنگی شاری کۆنی کەیپ تاون دانراوە و بەردەوام نوێ دەکرێتەوە و دەپارێزرێ. لە هەمان کاتدا بووە بە شوێنێکی گەشتیاریش، گەشتیار وەک بەشێکی جوان و سەرنجراکێشی کەیپ تاون سەری لێدەدا.

لێرەدا ڕووندەبێتەوە کە بوونی موسوڵمانەکان لە کەیپ تاون مێژوویەکی درێژی هەیە و پەیوەندیی بە سیاسەتی کۆلۆنیی هۆڵەندییەوە هەیە. ئەو موسوڵمانانە کە وەک کۆیلە لە ناوچەی جیاوازی وڵاتانی موسوڵماننشینەوە هێنراون بۆ کەیپ، زۆرینەیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لە ئەندەنۆسیا و مالیزیاوە هاتوون و بە زمانی مەلاوی قسەیان کردووە. هەر بۆیە زیاتر ڕەگەزی مەلاوی بە سەروسیمای موسوڵمانانی کەیپەوە دیارە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، موسوڵمانەکان هەرچەندە لە گرووپی ئەتنیی جیاوازەوە هاتوون، بەڵام ئیسلام هەموویانی پێکەوە لە یەک ناسنامەی دینی کۆکردووەتەوە و جیاوازیی نەژادی و ئەتنی و نەتەوەیی و جیاوازیی ڕەنگی پێست نەبووە بە کێشە لە نێوانیاندا.

### زمانی ئەفریکانی Afrikaans
### یا هۆڵەندیی کەیپ تاون

زمانی ئەفریکانی یا ئەفریکانس بە ڕواڵەت ناوەکەی وای نیشاندەدا کە زمانێکی ئەفەریقاییە، بەڵام لە ئەسڵدا ئەم زمانە هیچ پەیوەندیی بە زمانەکانی ئەفەریقاوە نییە؛ ئەم زمانە دیالێکتێکی زمانی هۆڵەندییە. دوای ئەوەی ساڵی ١٦٥٤ یەکەمین کۆلۆنیی هۆڵەندی لە لایەن کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتیی هۆڵەندیی هیندییەوە لە ناوچەی کەیپ دامەزرا، هۆڵەندییەکان لەو ناوچەیە نیشتەجێبوون. دانیشتووانی ئەسڵیی ناوچەکە، واتە ناوچەی کەیپ، هۆزەکانی زولو Zulu بوون. هۆڵەندییەکان ئەوانیان لەو شوێنە دەرکرد و خۆیان لێی نیشتەجێبوون. ئەم زمانە کە دیالێکتێکی باشووری هۆڵەندە بوو، زمانی کۆلۆنیالە هۆڵەندییەکان بوو لە کەیپ؛ سەرەتا تەنیا زمانێکی زارەکی بوو لە ناوچەی کەیپ تاون، دواتر لە باشووری ڕۆژئاوای ئەفەریقای باشوور بڵاوبووەوە.

ئەو کۆیلانەی کە سەرەتا هاتبوون بۆ کەیپ، لە گرووپی ئەتنیی جیاواز بوون، وەک جاڤانی، بوگینی و ماکاساریس. ئەو کۆیلانە، وەک زمانێکی هاوبەش لە نێوان خۆیاندا، بە زمانی ئەفریکانی کە هێشتا هەر زمانێکی زارەکی بوو و زمانی نووسین نەبوو، قسەیاندەکرد. بەڵام کۆیلە موسوڵمانەکان یەکەمجار بە زمانی مەلاوی لەگەڵ یەک قسەیانکرد و کتێبی دینیش هەر بەو زمانە بە خەتی جاویی خەتێکی هەموارکراوی عەرەبی دەنووسرا. ئەم زمانە بۆ نەوەی نوێ تەنیا زمانێکی تەقلیدیی دینی بوو لێی تێنەدەگەیشتن، چونکە ئەو نەوەیە سەدەیەک دواتر زمانیان گۆڕا، چیدی بە مەلاوی قسەیاننەکرد و بە زمانی باوی کەیپ کەوتنە قسە کە زمانی ئەفریکانی بوو. دواتریش لە ساڵی ١٨٠٤ بەولاوە کە دەسەڵاتدارانی کەیپ ڕێگەیان دا موسوڵمانان مەدرەسەی دینی بکەنەوە، هەر زمانی ئەفریکانی بوو بە زمانی قسەکردن و خوێندن لە مەدرەسەکانیشدا، واتە زمانی ئەفریکانی جێگەی زمانی مەلاویی گرتەوە. لەبەرئەوە زمانی ئەفریکانی، وەک ئامرازێک بۆ دەرسدانەوەی دینی، لە مەدرەسەکان و نووسینی کتێبدا لەبارەی دینی ئیسلامەوە بایەخی پەیداکرد. بەڵام کە دەستیان پێکرد بە زمانی ئەفریکانی بنووسن، هەر هەمان خەتی جاوییان – کە خەتێکی هەموارکراوی عەرەبییە بۆ نووسینی مەلاوی- بەکارهێنا، ئەو زمانە و ئەو خەتە کە پێشتر پێی ئاشنابوون. ئیدی بەو جۆرە ئەفریکانییە دەگوترا ئەفریکانیی عەرەبی Arabic – Afrikans و نزیکەی ٨٠ ناونیشانی کتێب بەم زمانە ئەفریکانییە عەرەبییە هەیە، گرنگترینیان ئەو کتێبەیە کە ئەبوبەکر ئەفەندی بە ناوی "بیان الدین"ەوە پێی نووسیوە.[٤٩]

---

49 Kees Versteegh, Islamic learning in Arabic – Africans between Malay model and Ottoman reform,

دواتر ئەم زمانە زیاتر بایەخی پەیداکرد و بوو بە زمانێکی باڵادەست و هاوبەش لە ئەفەریقای باشوور، هۆزە ئەفەریقاییەکانی ڕۆژئاوای ئەفەریقای باشوور وەک زمانی هاوبەش لە نێوان خۆیاندا بەکاریانهێنا. ئەمڕۆش حەوت ملیۆن کەس لە ئەفەریقای باشوور وەک زمانی یەکەم و نزیکەی دە ملیۆن کەسیش وەک زمانی دووەم



لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکەی ئەبوبەکر ئەفەندی (بیان الدین) کە بە زمانی ئەفریکانی و بە ئەلفبێی عەرەبییە. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٨٧٧ لە ئەستەنبوڵ چاپکراوە، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کردوویە بە دیاری بۆ موسوڵمانانی کەیپ تاون لە ئەفەریقای باشوور.

قسەی پێدەکەن. جگە لە ئەفەریقای باشوور، لە بۆتسوانا و لیسۆتۆ و سوازیلاند و مەلاوی و نامیبیا و زامبیاش خەڵکێک هەیە بەم زمانە قسەدەکا.

ساڵی ١٨٦٦ ئەم زمانە هۆڵەندییە ناوی زمانی ئەفریکانیی لێنرا. ئەرنۆڵدوس پانیڤیس Arnoldus Pannevis کە مامۆستا بوو لە قوتابخانەیەکی هۆڵەندی لە پارل، ئەو ناوەی لێنا، چونکە بینیی ئەو زمانە زۆر لە هۆڵەندی دوورکەوتووەتەوە و زمانەکانی وەک ئینگلیزی، خۆیسا، مەلاویی ئاسیایی، مەلاگاسی، سان، پورتوغالی، فەرەنسەیی تێکەڵی زمانەکە بووە.

شیاوی گوتنە، ئەم زمانە سەرەتا هەتا هاتنی ئەبوبەکر ئەفەندی بۆ کەیپ زمانێکی زارەکی بووە و بەرهەمێکی ئەوتۆی ئەدەبیی نەبووە، بەڵام دوای ئەوەی پێی نووسرا و بایەخی پێدرا، بە خێرایی گەشەیکرد؛ تا ئەوە بوو ساڵی ١٩٢٥ زمانی ئەفریکانی، شانبەشانی زمانی ئینگلیزی، بوو بە زمانی ڕەسمی لە ئەفەریقیای باشوور. دوای ئەوە جارێکی دی بە شێوەیەکی سەرسوورهێن

---

in Wacana: Journal of the Humanities of Indonesia, Vol. 16 No.2, 2015, pp. 285-286.

گەشەیکرد، بە تایبەت لە پەنجا ساڵی ڕابوردوودا، بوو بە زمانێکی باڵادەست لە ئەفەریقای باشوور، چونکە بە شێوەیەکی فراوان لە بواری ئەکادیمی و کاروباری دەوڵەتیش‌دا کاری پێکرا. دوای ١٩٩٤ کە زمانە ڕەسمییەکانی ئەفەریقیای باشوور بوون بە یازدە زمان، لەنێو ئەم یازدە زمانە ڕەسمییەدا، ئەفریکانی وەک یەکێک لە گرنگترین زمانە ڕەسمییەکانی ئەو وڵاتە، پلەوپایەی خۆی پاراستووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە مێژووی زمانی ئەفریکانی‌دا، ڕۆڵی ئەبوبەکر ئەفەندییە لە پێشخستنی و نووسینی کتێبێکی گەورەدا بەو زمانە، کە ئەمەش سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئەم زمانە لە زمانێکی زارەکییەوە بکرێ بە زمانی خوێندن و نووسین، دواتر بە درێژی باسی لێوە دەکەین.

**چالاکی و ڕۆڵی ئەبوبەکر لە ئەفەریقای باشوور**

دوای گەیشتنی ئەبوبەکر و عومەر لوتفیی برازای بە کەیپ‌تاون لە ١٨٦٣/١/١٣دا، دە ڕوباکس لە بەندەری کەیپ چاوەڕێیدەکردن و هەر کە گەیشتن، یەکسەر چووە پێشوازییان و بە سواری پەیتون بردنی بۆ ناو شار، لەماڵێکدانران حکومەتی کۆلۆنیی کەیپ پێی دابوون. ئەوجا دواتر لە لایەن ئیمام و مەلا و موسوڵمانانەوە پێشوازیکران و پێکەوە وێنەیەکی یادگارییان گرتووە، کە یەکەم وێنە و دوایین وێنەی ئەبوبەکرە. ئەبوبەکر، هەر دوای گەیشتنی، کۆمەڵێک چالاکیی گرنگی ئەنجام دا و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بواری چاکسازی و پەروەردەی دینیدا گێڕا، سەرەڕای چارەسەرکردنی کێشەی موسوڵمانانی کەیپ.

ئەبوبەکر پاش گەیشتنی، نامەی ناردووە بۆ دەسەڵاتی عوسمانی لە ئەستەنبوڵ و باسی بارودۆخی موسوڵمانانی کەیپی تێدا کردووە، کە ڕێزێکی زۆریان بۆ خەلافەتی عوسمانی هەبووە. هەروەها لەو پێشوازییە گەرمە دوواوە کە لێیان کردووە و هەواڵی گەیشتنی لە ڕۆژنامەیەکی ناوخۆی کەیپ‌دا بڵاوبووەتەوە. دەقی ئەم نامەیەی ئەبوبەکر لە ڕۆژنامەی "مجموعه فنون" لە ئەستەنبووڵ بڵاوکراوەتەوە، کە بە ناوبانگترین ڕۆژنامەی دەوڵەتی عوسمانی بووە و هەتا ساڵی ١٨٨٣ لە دەرچوون بەردەوام بووە.[٥٠] ئەبوبەکر لە نێوان ساڵانی ١٨٦٣–١٨٨٠دا چەندین نامەی دیکەی لە هەمان ڕۆژنامەدا بڵاوبووەتەوە، سەبارەت بە بابەتی جیاوازی نووسیوە و هەواڵی گەیاندووە سەبارەت بە ئاووهەوا و جوگرافیا و مێژوو و ئابووریی ئەفەریقای باشوور، هەروەها سەبارەت بە مۆزەمبیق و دوورگەی ماوریشیەس و قەمەر، .. لە هەمان کات‌دا هانی دەوڵەتی عوسمانیی داوە پەیوەندیی بازرگانیی لەگەڵ ئەفەریقای باشوور پتەوبکا. بە هەمان شێوەش، زانیاریی لەبارەی ژیان و گوزەرانی موسوڵمانانی کەیپەوە بۆ دەسەڵاتی عوسمانی ناردووە و لە هەمان ڕۆژنامەی ئەستەنبووڵ‌دا بڵاوکراوەتەوە.[٥١]

لە نامەیەکی دی‌دا، باسی ئەوەی کردووە کە موسوڵمانانی کەیپ هەم زۆر کەم لەبارەی ئیسلامەوە دەزانن و هەم ئەو کاتە دەسەڵاتی ئینگلیزیان خۆش‌ویستووە و دژی دەسەڵاتی هۆڵەندی بوون، چونکە ئینگلیز کە بوو بە خاوەن کۆلۆنی، زۆر یارمەتیی موسوڵمانانی داوە، هەموو ئازادییەکی دینیی بۆ دەستەبەرکردوون، بەڵام لە سەردەمی حوکمڕانیی هۆڵەندی‌دا بەو شێوەیە نەبووە.[٥٢] لە نامەیەکی دی‌دا باسی ئەوەی کردووە کە بیست ساڵێک دەبێ ڕێبازێکی هەڵە بە ناوی "تەریقەت"ەوە لەناو موسوڵمانان‌دا بڵاوبووەتەوە، پێیان گوتووە پولێی ڕوفاعی pulle-I Rufah-i و زۆر بە دینی ئیسلام نامۆ بووە، لە کاتی زیکرکردن‌دا بە زنجیر جەستەیان بریندارکردووە. هەندێکیان پێش دەستکردن بە زیکر، چوونەتە یانەیەک ئەلکهولیان خواردووەتەوە، تا بۆ بریندارکردنی جەستەی خۆیان ئازابن. هەندێک جاریش ئاگایان لە خۆیان نەبووە و یەکێک لە موریدەکانی خۆیان کوشتووە.

---

[50] Halim Gençoğlu, 2013, pp. 58-59.
[51] Selim Argun, 2000, p. 71.
[52] Halim Gençoğlu, 2013, p. 62.

هەروەها زانیاریی هەڵەیان لەبارەی چۆنیەتیی خواردن و حەڵاڵ و حەرامی هەندێک ئاژەڵەوە هەبووە: خواردنی گۆشتی عەلەشیش و سەری گا و مەڕ لای موسوڵمانانی کەیپ حەرامبووە، بەڵام خواردنی هەموو جۆرە زیندەوەرێک حەڵاڵبووە. هەروەها سەبارەت بە چۆنیەتیی بەشوودانی ئافرەت، ئامۆزا لەگەڵ ئامۆزا ژنوژنخوازییان نەکردووە، بەڵام ئەو ئافرەتەی کە لەگەڵ کوڕێک پێکەوە بە منداڵی شیریان خواردووە، داخوازییانکردووە و بوون بە هاوسەر. یانیش لە هەمووی سەیرتر، یەکێک بۆی هەبووە داخوازیی زڕدایکی خۆی بکا![53]


نووسەر لەگەڵ محەمەد زۆبری ئەفەندی، نەوەی سێیەمی ئەبوبەکر ئەفەندی لە کەیپ تاون. ئەم کتێبە دەستنووسی ئەسڵیی کتێبەکەی ئەبوبەکر ئەفەندییە (بیان الدین).

ئەمانە و گەلێک کردار و ڕەفتار و داب و نەریتی دیکە موسوڵمانانی کەیپ هەیانبوون، تەواوێک لە شەریعەت و ڕێنماییە دینییەکانی ئیسلام دوورکەوتبوونەوە، یا لایاندابوو، بۆیە پێویست بوو ئەبوبەکر ئەم داب و نەریتە چەوتانە بنبڕبکا و موسوڵمانان بخاتەوە سەر ڕێگەی ڕاستی دینی ئیسلام. بۆ ئەم مەبەستە کتێبێکی لەبارەی دینی ئیسلامەوە بە زمانی ئەفریکانی بە ناوی "بیان الدین"ەوە بۆ موسوڵمانانی کەیپ نووسیوە، بۆ ئەوەی ببێ بە سەرمەشق و ڕێنما بۆیان و بگەڕێنەوە سەر ڕێگەی ڕاستەقینەی شەرعی ئیسلام. هەروەها بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، ڕۆڵی کەسێکی چاکساز و پەروەردەکاری بینیوە و نەوەیەکی نوێی موسوڵمانی لە کەیپ پێگەیاندووە. چالاکییەکانی ئەبوبەکر لە چەندین بواری جیاوازدا بوون، وا لە خوارەوە بە کورتی باسیاندەکەین:

١. ڕۆڵی هزری و بەرهەمی چاپکراو

گرنگترین چالاکی و بەرهەمی ئەبوبەکر ئەو کتێبەیە کە بە زمانی ئەفریکانی و بە ئەلفبێی عەرەبی چاپ و بڵاو بووەتەوە. ئەبوبەکر بەهۆی زیرەکی و توانای زۆرییەوە بۆ فێربوونی زمان، دوای هاتنی بۆ کەیپ بە ماوەیەکی کورت، زمانی ئەفریکانی فێربووە و کتێبێکیشی پێنووسیوە. نووسینی کتێبێک بە زمانی ئەفریکانی و بەکارهێنانی ئەلفبێی جاوی (عەرەبی) بۆ ئەم کتێبە، بە تەرخانکردنی هەوڵ و کۆششێکی زۆر بووە، تا لە کۆتاییدا کارەکەی بە سەرکەوتوویی ئەنجامداوە. ئەم کتێبە ڕۆڵێکی گەورەی لە هۆشیارکردنەوە و پێگەیاندنی موسوڵمانانی کەیپ تاون و گەڕاندنەوەیاندا بۆ سەرچاوە بنەڕەتییەکانی دینی ئیسلام هەبووە.

زۆربەی سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن کە ئەبوبەکر دوو کتێبی بە زمانی ئەفریکانی- عەرەبی، نووسیوە: ئەوانیش کتێبی "بیان الدین" و "مرصاد الدین"ن. ئەبوبەکر هەردوو کتێبەکەی ساڵی ١٨٦٩ نووسیوە، بەڵام دواتر لە ئەستەنبووڵ پێکەوە بە یەک کتێب چاپکراون.

دوای ئەوەی ئەبوبەکر لەگەڵ دوو کوڕی خۆی بۆ یەکەم جار لە ڕێی مەککەوە سەفەرێکی ئەستەنبووڵی کردووە، لەوێ چاوی بە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کەوتووە و هەردوو

[53] Ibid, p. 69.

کتێبەکەی پێشکەشکردووە. ئەویش پێی باش بووە و فەرمانیداوە ئەو دوو کتێبە چاپبکرێ. وا دیارە بە هۆی سەختیی باری داراییەوە بووە کە هەردوو کتێبەکە لە یەک بەرگدا چاپکراوە؛ساڵی ١٨٧٧ بە تیراژی ١٥٠٠ دانە لە ئەستەنبووڵ چاپ و بڵاو بووەتەوە.[٥٤] سەرجەمی لاپەڕەکانی کتێبە چاپکراوەکە ٣٥٤ لاپەڕەیە.[٥٥] بۆیە دواتر ئەم کتێبە هەر بە یەک بەرگ و بە ناوی "بیان الدین"ەوە ناوبراوە. ئەبوبەکر، پێشەکییەکی بە عەرەبی و تورکیی عوسمانی و ئەفریکانی بۆ کتێبەکە نووسیوە.

ئەم کتێبە دەوروبەری ساڵی ١٨٦٩، واتە دوای تەواوکردنی نووسینی کتێبەکە، بە دەستنووس لە نێوان خەڵکە موسوڵمانەکەی کەیپ تاوندا دەستاودەستی پێکراوە و خوێندراوەتەوە.[٥٦] ئەم کتێبە وەک کتێبێکی ڕێنماییی دینی نووسراوە بۆ موسوڵمانە مەلاوییەکانی ئەفەریقای باشوور، ڕێنماییی شەرعی و دینیی بە موسوڵمانان داوە سەبارەت بە چۆنیەتیی نوێژکردن و دەستنوێژهەڵگرتن و زەکات و حەج و حەڵاڵ و حەرامی خواردنەکان، .. تاد. ناوەڕۆکی کتێبەکە ئەم


١ بسم الله الرحمن الرحيم
كتاب الطهارة ديسي كتاب
برات فن طهارت اوی ه
موت فيت طهارت اين عرب
تال اس تسكون ان طهارت اين ه
اكام اس دری صورتی
دی ايرتسی ماك سكون
ءالقت فيول خقورط دی
تقيدی ماك ليف سكون فن

٢ فن فلين حدث دی ديز دی ماك
ليف سكون فن خروط حدث
قال الله تعالى الله تعالى
سيس دين قرآن يا ايها الذين ه
آمنوا او دی ميسی قن هت
ايمان اذا قمتم الى الصلاة فنير جويل
قل او بستان او منتها ك صلاة فاغسلوا
وجوهكم جوی موت فاس جويد
سين بلی غسيخ وايديكم

دەستنووسی کتێبی ئەبوبەکر ئەفەندی (بیان الدین) کە بە زمانی ئەفریکانی و بە ئەلفبێی عەرەبییە.

بەشانەی گرتووەتە خۆی:[٥٧]

١- لەبارەی ڕێورەسمی پاکوخاوێنییەوە،

[54] Ibid, p.96.

[٥٥] أبوبكر أفندی، كتاب بيان الدين، أستنبول، ١٨٧٧.
دەستنووسی ئەم کتێبە لای نەوەی ئەبوبەکر ئەفەندی محەمەد زۆبری ئەفەندی لە کەیپ تاون پارێزراوە. دەستنووسەکە بە دەستخەتی ئەبوبەکر خۆیەتی، ژمارەی لاپەڕەکانی ٥٨٧ە.

[56] Ebrahim Mahomed Mahida, 1993, p. 25.

[57] Mia Brandel – Syries, 1971. pp. 2-4.

٢- لەبارەی چۆنیەتیی ڕێورەسمی نوێژکردنەوە،
٣- لەبارەی زەکاتدانەوە،
٤- لەبارەی ڕۆژووەوە،
٥- لەبارەی ڕێورەسمی سەربڕینی حەیوانەوە،
٦- لەبارەی شتە حەرامکراوەکانەوە،
٧- لەبارەی ڕاوکردنەوە.

ئەم کتێبە یەکەم جار لە لایەن میا براندیل – سیریر Mia Brandel – Syrier - تەرجەمەکراوە بۆ ئینگلیزی بە ناوی ( The Religious duties of Islam as taught and explained by Abu Bakr Effendi)ەوە ساڵی ١٩٦٠ لە لایدن لە هۆڵەندە چاپکراوە. دواتر ئەندرێناوس فان سێلمس دەقی ئەم کتێبەی لە ئەلفبێی عەرەبییەوە خستووەتە سەر پیتی لاتینی و ساڵی ١٩٧٩ لە هۆڵەندە بڵاویکردووەتەوە.[٥٨]

میا براندیل پێی وایە ئەم کتێبە بە بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو کتێبە ڕێنماییە دینییانەی کە نووسراون، کۆپییەکی هاوشێوەی کتێبێکە بە ناوی "الملتقى الأبحر" کە محمد ابراهیم الحلبي نووسیویە. ئەم کتێبە لە سەدەی شازدەمی میلادی بە دواوە سەرچاوەیەکی گرنگی مەزهەبی حەنەفی بووە بۆ تورکەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا.[٥٩] لە زۆر سەرچاوەی دیدا هەمان بۆچوون لەسەر کتێبەکە و ئەبوبەکر خۆی دووبارەکراوەتەوە، کە ئەو لە دەوڵەتی عوسمانییەوە هاتووە و سەر بە مەزهەبی حەنەفییە و هاتووە برەو بە حەنەفێتی بدا لەنێو خەڵکێکی مەلاویدا کە سەر بە مەزهەبی شافیعین. بەڵام ئەگەر سەرنجبدرێ، کتێبی "الملتقى الأبحر" و کتێبەکەی ئەبوبەکر جیاوازن. گەنچۆغلوو پێی وایە ئەم کتێبەی ئەبوبەکر هەر لەبەرئەوەی هەندێک شتی هاوبەشی وەک ئەوەی کتێبی "الملتقى الأبحر" تێدایە، میا براندیل پێی وابووە ئەوەی ئەبوبەکر لەم کتێبەوە وەرگیراوە. هەروەها ئەوەش دراوەتە پاڵ ئەبوبەکر کە لە نووسینی ئەم کتێبەدا پشتی بە مەزهەبی حەنەفی بەستووە، لە کاتێکدا سەرنجدانی حوکمەکانی ئەبوبەکر ئەوە نیشاندەدا کە ئەبوبەکر حەنەفی نەبووە و زیاتر پشتی بە قورئان و حەدیس بەستووە و ڕاستەوخۆ لەسەر هیچ مەزهەبێک نەڕۆیشتووە.[٦٠]

لەم بارەیەوە بنەماڵەکەشی، بە تایبەت محەمەد زۆبری ئەفەندی، ئەوە دووبارەدەکاتەوە کە ئەبوبەکر لەسەر هیچ مەزهەبێک نەڕۆیشتووە، بەڵکوو لە فەتوا و حوکمەکانیدا ڕاستەوخۆ پشتی بە قورئان و حەدیس بەستووە.

### بایەخی کتێبی "بيان الدين"

ئەم کتێبە لە چەند ڕوویەکەوە بایەخی خۆی هەیە؛ لە ڕووی دینییەوە، کتێبێکی دینییە بۆ موسوڵمانانی ئەفەریقای باشوور نووسراوە. بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە بەناو موسوڵمانانی ئەفەریقای باشووردا، هۆشیارییەکی دینیی لە نێو مەلا و پیاوانی دینیی کۆمەڵگەی موسوڵمانی کەیپدا بڵاوکردەوە، چەندین گفتوگۆی دینیشی ورووژاند.

ئەم کتێبە ئەمڕۆ زیاتر بایەخی زمانەوانیی هەیە، چونکە یەکێکە لە کتێبە پێشەنگەکان کە بەم لەهجە هۆڵەندییە نووسرابێ. ئەم زمانە، پێش ئەوەی پێی بنووسرێ، تەنیا زمانێکی زارەکی بووە، زمانی نووسین نەبووە. بۆیە نووسین بەم لەهجەیە بووە بە هۆی گەشەپێدانی پەخشان و بەستانداردکردنی ئەم لەهجە هۆڵەندییە، کە دواتر بوو بە زمانێکی ڕەسمی لە ئەفەریقای باشوور و بە زمانێکی هاوبەش بۆ خەڵکێکی جیاواز لە باشووری ڕۆژئاوای ئەفەریقای باشوور. ئەبوبەکر لەم بوارەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە و لە کەسە پێشەنگەکانە کە بەم زمانە کتێبێکی گەورەی نووسیبێ. لە ڕووی پلەبەندییەوە، ئەم کتێبەی ئەبوبەکر ئەفەندی چوارەم کتێبە بە زمانی ئەفریکانی- هۆڵەندی نووسراوەتەوە.

---

[58] A. van Selms, Abu Bakr se ‘Uiteensetting van die godsdiens’: ‘n Arabies-Afrikaanse teks uit die jaar 1869. Amsterdam: North-Holland, 1979.
[59] Ibid. p.VII.
[60] Halim Gençoğlu, 2013. p. 77.

پێش ئەم کارەی ئەبوبەکر، دوو کتێبی دی بە ئەفریکانی نووسراوە: یەکێکیان میورانت L. H. Meurant و ئەوەی دی ئیستەرهویس D. C. Esterhuyse نووسیویە، کە کتێبێکە چەند سروودێکی دینیی گرتووەتە خۆی. هەردوو کتێبیش ساڵی ١٨٦١ نووسراون[61] و بە ئەلفبێی لاتینی بوون.

بەڵام بۆ نووسینی ئەفریکانی – عەرەبی، کتێبەکەی ئەبوبەکر دووەم کتێبە کە بە زمانی ئەفریکانی و بە ئەلفبێی عەرەبی نووسراوە و چاپکراوە. یەکەمین کتێبێک کە بە زمانی ئەفریکانی و بە ئەلفبێی عەرەبی دەرچووبێ، ساڵی ١٨٥٦ بووە لە لایەن شێخ ئەحمەد ئەلئیشمونی و بە ناوی "القول المتين في بيان عمر الدين"ەوە، ٢٥ لاپەڕەیە و بە شێوەی لیتۆگرافی بڵاوبووەتەوە، بەڵام دواتر ساڵی ١٩١٠ بە چاپ گەیێندراوە.[62]

کەواتە بە گوێرەی پلەبەندیی دەرچوونی کتێب بە ئەفریکانی، کتێبەکەی ئەبوبەکر چوارەم کتێبە بە زمانی ئەفریکانی نووسرابێ و چاپکرابێ؛ دووەم کتێبیشە بە ئەفریکانی - عەرەبی بڵاوبووبێتەوە. جگە لەمانە، کتێبی دی هەبووە بە ئەفریکانی–عەرەبی نووسرابێ، بەڵام هەر بە دەستنووسی ماوەتەوە و چاپنەکراوە. بەپێی گەورەیی قەوارەی کتێبیش، کتێبەکەی ئەبوبەکر گەورەترین کتێبێکە بە قەوارە و ناوەڕۆک بەم زمانە نووسرابێ و کاتی خۆی چاپ و بڵاو بووبێتەوە.

ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە پێش کە: بۆچی ئەلفبێی عەرەبیی بۆ نووسینی کتێبەکەی بەکارهێناوە، لە کاتێکدا زمانەکە لەهجەیەکی هۆڵەندی و زمانێکی ئەوروپاییە؟ لە بنچینەدا بە ئەلفبێی لاتینییە، بەڵام ئەو ئەلفبێی عەرەبیی بۆ بەکارهێناوە؟ هۆکاری ئەمەش – وەک دیارە– بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەبوبەکر خۆی بە ئەلفبێی عەرەبی کە پێشتر فێریبووە، بۆی ئاسانتر بووە. هەروەها بەکارهێنانی ئەم ئەلفبێیە لەنێو کۆمەڵگەی موسوڵمانیدا لە کەیپ، ڕێگەیەک بووە بۆیان تا ئاسانتر فێری ئەلفبێی عەرەبی بن، کە ئەلفبێی قورئانە.[63] لە لایەکیدیکەوە، موسوڵمانانی مەلاوی، هەر لە سەرەتای موسوڵمانبوونیانەوە، هەمان ئەلفبێی عەرەبییان بۆ نووسینی مەلاوی بەکارهێناوە. ئیدی ئەوانیش پێشتر لە کەیپ بەو ئەلفبێیە ئاشنابوون، کە ئەلفبێی زمانەکەیان و کتێبە دینییەکانیان بووە و بە ئەلفبێی جاوی ناسراوە.

بایەخی ئەم کتێبە لە ڕووی زمانەوانییەوە، لەوەدایە کە دەقێکی کۆنە و بەم زمانە نووسراوە و سەرەتاکانی بەکارهێنانی ئەو زمانە بووە بۆ پەخشان. لە لایەکی دیکەوە، لە ڕووی زمانەوانیی مێژووییشەوە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەم زمانە سەرەتای گەشەکردنی چۆن بووە و پاشانیش هەر ئەو زمانە بووە بە زمانێکی ڕەسمی لە ئەفەریقای باشوور و لە بواری ئەکادیمیی زانکۆکاندا پێیخوێندراوە. هەر بۆیە ئەمڕۆ ئەم کتێبە لە لایەن زمانەوانەکانەوە وەک دەقێکی گرنگی مێژوویی سەیریدەکرێ و بایەخی پێدەدرێ، چونکە دەکرێ لە ڕێی ئەم کتێبەوە بزانرێ زمانی ئەفریکانی لەو سەردەمەدا چۆن بووە. لە ڕووی فۆنەتیکیشەوە، بایەخی خۆی هەیە و نیشانیدەدا زمانەکە ئەوسا وشەکانی چۆن بێژراون، واتە سیستەمی دەنگسازیی ئەو زمانە لەو کاتە دەردەخا.[64]

بەهۆی ئەم ڕۆڵە گەورەیەوە کە ئەبوبەکر بۆ ئەو زمانە هەیبووە، ژوورێکی تایبەت بۆ ئەبوبەکر لە مۆزەخانەیەکی تایبەت بە زمانی ئەفریکانی لە شاری پارلی ئەفەریقای باشوور تەرخانکراوە و کتێبەکەی و ئەو ئەلفبێ عەرەبییە کە بەکاریهێناوە بۆ ئەو زمانە، نیشاندراون. توێژەرەوەی زمان و نووسەرانی ئەفەریقای باشوور هەمیشە وەک کەسێکی پێشەنگ باسیدەکەن، چونکە ڕۆڵێکی

[61] A. Van Selms, “Abu Bakr Effandi”, in: W. J. de Kock (edit), Dictionary of South African Biography, Vol. I, Bloemfontein port Elizabeth, first edition, 1968, pp. 4-5.

[62] Ebrahim Mahomed Mahida, History of Muslims in South Africa, 1993, pp. 2-18.

[63] Selim Argun, 2000, p. 69.

[64] A. Van Selms, 1968, pp. 4-5.

گرنگی لە بەکارهێنان و سەرەتای گەشەپێدانی زمانی ئەفریکانیدا هەبووە.

٢. ڕۆڵی دینی و پەروەردەیی

یەکێک لە ئامانجە گەورەکانی ئەبوبەکر لە کەیپ، ئەوە بووە کە لە ڕێگەی خوێندنی مەدرەسەکانەوە کۆمەڵگەی موسوڵمانان هۆشیاربکاتەوە و خەڵکێکی شارەزای دینیش لەو مەدرەسانەدا پەروەردەبکا بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا ببن بە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری دینی بۆ موسوڵمانان. هەر بۆیە ئەبوبەکر تەنیا پازدە ڕۆژ دوای گەیشتنی بە کەیپ، یەکسەر مەدرەسەیەکی بە ناوی مەدرەسەی لاهووتی عوسمانییەوە لە شەقامی بری ئەند وەیل Bree and Wale بۆ کوڕان کردووەتەوە و دەوڵەتی عوسمانی پشتگیریی داراییی کردووە. لە ماوەی تەنیا بیست ڕۆژێکدا زیاتر لە ٣٠٠ کەس خۆیان ناونووسکردووە بۆ خوێندن لەم مەدرەسەیە. ئەوجا مەدرەسەیەکی دیکەی کردووەتەوە بۆ کچان و لە لایەن خێزانەکەیەوە بەڕێوەبراوە.[٦٥] جگە لە قوتابخانەی بەیانیان، ئێوارانیش دەرسی بە گەوران گوتووەتەوە. لە قوتابخانەکاندا فێری ئەلفبێی عەرەبی و تەجویدی قورئانی کردوون، بابەتە فیقهییەکانیشی دەرسداوەتەوە.

ئەمە جگە لەوەی کە ئەبوبەکر ڕۆژی یەکشەممان وەعزی بۆ ئاپۆرەی خەڵک داوە و تەفسیری ئایەتەکانی قورئانی بۆ ڕوونکردوونەتەوە =، دواتر هەوڵیداوە بە هەردوو زمان: ئەفریکانی و ئینگلیزی، وەعز بۆ خەڵک بدا. وەک بەشێکیش لە چالاکیی پەروەردەیی، سەری لە چەند شار و وڵاتی دەوروبەر داوە و وەعزی خەڵکە موسوڵمانەکەی داداوە، هەر بۆ ئەم مەبەستە سەری لە مۆزەمبیق و دوورگەکانی موریشیوسی داوە.[٦٦]

ئەبوبەکر جگە لەوەی کە کەسێکی پەروەردەکار بووە بۆ خەڵکی موسوڵمانی کەیپ، بۆ خێزانەکانیشی هەمان ڕۆڵی هەبووە. خێزانی یەکەمی، ڕوقیە مەیکەر، کە ساڵی ١٨٦٦ لێی جودابووەتەوە، مەدرەسەیەکی کردووەتەوە بۆ کچان، بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبییان بکا؛ لە کاتێکدا هەر لە هاوسەرەکەیەوە ئەبوبەکر ئەفەندی، فێرە عەرەبی و شارەزای ئیسلام بووبوو. پاش ئەوەی ئەبوبەکر تەهۆرا سابان کووکی هێناوە، ئەویش هەمان ڕۆڵی گێڕاوە و بووە بە بەڕێوەبەری مەدرەسەیەکی کچان لە کەیپ.[٦٧]

بە هەمان شێوە، کوڕەکانیشی پاشان کە گەورە بوون، هەمان ڕێچکەی باوکیان لە کەیپ درێژە پێداوە. ئەحمەد عەتائوڵا، کوڕی یەکەمی ئەبوبەکر، لە کیمبەرلی مەدرەسەیەکی ئیسلامیی کردووەتەوە و پاشانیش بووە بە یەکەم سیاسیی موسوڵمان لە کەیپ تاون.

٣. ڕۆڵی لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا

هەروەک لەپێشدا ئاماژەی پێدرا، یەکێک لە هۆیەکانی داواکردنی زانایەکی موسوڵمان لە خەلافەتی عوسمانی، ئەوە بووە کە کێشەکانی موسوڵمانان لە کەیپ چارەسەربکا، چونکە ئەم کێشانە خەریکبوون یەکڕیزیی موسوڵمانان لە کەیپ تێکبدەن.

یەکێک لەم کێشانە، لەسەر جێگرتنەوەی ئیمامەتیی مزگەوتی دارخورما بووە. دوای مردنی ئیمامی مزگەوتی دارخورما، کە ناوی یان فان بوگیز Jan van Boughies و کەسێکی ناسراوی نێو موسوڵمانانی کەیپیش بووە، ساڵی ١٨٤٦ ململانێیەکی توند لە نێوان هاوکارانیدا دەستی پێکردووە، کە کامەیان بکرێ بە ئیمام لەم مزگەوتە. لە کۆتاییدا یەکێک لە هاوکارانی کە ناوی مامات فان دە کاپ Mamat van de Kaap بوو، کرا بە ئیمام. دوای مردنی مامات ساڵی ١٨٦٤، جارێکی دی ئەم کێشە و ململانێیە سەری هەڵدایەوە، لەسەر ئەوە کە کێ جێگەی بگرێتەوە. یەکێک لە هاوکارەکانی کە ناوی

[65] Selim Argun, 2000, p. 63.

[66] Ibid, p.8.

[67] Halim Gençoğlu, 2013, p.116.

ئیسماعیل بوو، جێگەی گرتەوە، گوایە ئەمە بەپێی پەیمانێکی نووسراوی مامات بووە کە نابێ هاوکارێکی دیکەی حاجی دانی (دانیال) ناو بگا بە پلەی ئیمامی مزگەوت. بۆیە حاجی دانی دژی ئەو پەیمانە وەستاوە و ناڕازیبووە لەم جێگرتنەوەیە. کێشەکە بە ڕادەیەک پەرەیسەندووە کە ڕێ لە موسوڵمانان گیراوە هاتوچۆی مزگەوت بکەن بۆ عیبادەت. تا وای لێهاتووە کێشەکە ڕەوانەی دادگا کراوە. هەر ئەم کێشەیەش وای لە دە ڕوباکسی پەرلەمانتاری شاری کەیپ کردووە داوای ڕێبەرێکی ڕۆحی بکا لە دەرەوەی ئەفەریقای باشوور بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشە و ململانێیە.[٦٨]

دوای گەیشتنی ئەبوبەکر، کێشەکە دراوەتە دادگای باڵای کەیپ و ئەبوبەکر چووەتە دادگا و ئەو کێشەیەی چارەسەرکردووە و گوتوویە: هەموو مزگەوتێک لە ئیسلامدا وەقفە و نابێ جگە لە چالاکیی دینی بۆ هیچ ئامانج و مەبەستێک بەکاربێ. ئەمە زۆر بە ڕوونی لە فەرموودەکانی پێغەمبەر و شەرعدا هاتووە، بۆیە هیچ کەسێک بۆی نییە ڕێ لە موسوڵمانان بگرێ هاتوچۆی هەر مزگەوتێک بکەن. دادگاش ڕوونیکردەوە کە لە هیچ قانوون و عورفێکدا نییە ئیمامێک دوای خۆی جێنشین بۆ ئیمامەتیی مزگەوت دیاریبکا. بۆیە مامات هیچ هەقێکی نییە جێنشینی خۆی دیاریبکا. ئەوە بوو دواتر دادگا بڕیاری دا ئیسماعیل ئیمامی مزگەوت بێ و ئیدی حاجی دانیش وازیهێنا و مزگەوتی بەجێهێشت. بەم پێیە دادگا پشتی بە ڕوونکردنەوەکەی ئەبوبەکر بەست بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە و وەک دوایین بڕیار قبووڵیکرد.[٦٩]

ساڵێک دواتر کێشەیەکی دیکە ڕووی دا لە نێوان ئیمامی مزگەوت و نوێژکەراندا لە مزگەوتی "نور الإسلام". نوێژکەران ناڕەزاییان دەربڕی لە دژی ئیمامی مزگەوت کە ناوی شێخ عەبدوڕەقیب و یەکێکیش بوو لە قوتابییەکانی ئەبوبەکر. شێخ عەبدوڕەقیب لەو مزگەوتە نوێژی جومعەی دەکرد کە ژمارەی نوێژکەرانی لە چل کەس کەمتر بوو. ئەمە بووە مایەی ناڕەزایەتیی موسوڵمانان و بە کارێکی نابەجێیان دانا و داوایان کرد ئیمام لابرێ. ئەم کێشەیەش ڕەوانەی دادگای کەیپ کرا، لەوێش دووبارە ڕای ئەبوبەکر وەرگیرا، ئەویش پشتگیریی شێخ عەبدوڕەقیبی کرد و پێی وابوو لە ڕووی شەرعەوە هیچ کێشەیەک نییە، دەکرێ بە کەمتر لە چل کەسیش نوێژی جومعە لە مزگەوت ئەنجامبدرێ. دادگاش ئەم ڕایەی قبووڵکرد و ئیمامی ناوبراو لەو مزگەوتە مایەوە.[٧٠]

یەکێکی دی لەو بابەتانەی کە لەنێو موسوڵمانانی کەیپدا گفتوگۆی لەسەر کرا، مەسەلەی حەرامکردنی قرژاڵی دەریایی crayfish بوو، کە موسوڵمانانی کەیپ دەیانخوارد و ئەبوبەکریش حەرامیکرد. هەر وەک لە کتێبەکەی خۆیشیدا "بيان الدين" ئاماژەی پێداوە، خواردنی حەرامە. ئەم حەرامکردنە کێشەی نایەوە لەنێو ئیمام و موسوڵمانانی کەیپدا کە بە زۆرینە شافیعی بوون و سکاڵانامەیەکیان بەرزکردەوە لە دژی ئەبوبەکر و داوایانکرد لە کەیپ نەمێنێ. پێیان وابوو دەبێ ئەمە حەڵاڵ بێ، چونکە بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ لە شەرعدا نییە بۆ حەرامکردنی ئەم جۆرە ماسییە و ئەبوبەکر لە دەرەوەی هەردوو مەزهەب ئەو حوکمەی حەرامکردنیی داوە، چونکە لە شافیعیدا حەرامە، بەڵام لە حەنەفیدا قێزەونە.[٧١] لە شافیعیدا حەرامکراوە، چونکە ئەمە تەواو دەریایی نییە، بەڵکوو وشکاوەکییە، واتە لە وشکانی و دەریادا دەژی.[٧٢]

ئەم حوکمەی ئەبوبەکر سەبارەت بە قرژاڵی دەریایی، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەو لەسەر ڕێبازی حەنەفی نەڕۆیشتووە، بەڵکوو وەک زانایەکی

---

[٦٨] سعيد ابراهيم كريدية، جمهورية جنوب افريقيا ومسلموها، دار الرشاد، بيروت، ٢٠١٠. ص٥٣.

[69] Selim Argun, 2000. Pp.55 – 58. Halim Gençoğlu, 2013. P.72; جمهورية جنوب افريقيا ومسلموها. ص٥٧.

[٧٠] سعيد ابراهيم كريدية، المصدر السابق نفسه، ص٥٧.

[71] Halim Gençoğlu, 2013, p. 77.

[72] Selim Argun, 2000, p. 55; Halim Gençoğlu, 2013, p. 74.

سەربەخۆ و شارەزا فەتوایداوە. ئەو سەردەمە زۆر لە ئیمامەکانی کەیپ ئەبوبەکریان بە حەنەفی ناوبردووە، چونکە پێیان وا بووە لە تورکیاوە هاتووە و لەسەر هەمان مەزهەبی تورکان کاردەکا.

٤. ڕۆڵی کولتووریی

وەک لە سەرەوە باسکرا، کاتی هاتنی ئەبوبەکر بۆ کەیپ، کۆمەڵێک داب و نەریتی دواکەوتوو و هەندێک ئادابی کۆمەڵایەتیی دوور لە ئیسلام لەنێو موسوڵمانانی کەیپدا هەبوون، بۆیە هەر کاتێک ئەبوبەکر ڕووبەڕووی ئەو دیاردانە دەبووەوە، بە پێوەرە شەرعییەکان هەوڵی بنبڕکردنی دەدان.

لایەنێکی دیکەی چاکسازیی کولتووری سەبارەت بە جلپۆشینی موسوڵمانانی کەیپ بوو. موسوڵمانانی کەیپ بە هۆی دوورکەوتنەوەیانەوە بۆ چەند سەدەیەک لە جیهانی ئیسلام و تێکەڵبوونیان بە ئەوروپایی و ئەفەریقایی، پیاوان و ئافرەتانیان هەر وەک ئەوروپاییەکان جلوبەرگیان دەپۆشی. بۆ نموونە، ئافرەتی موسوڵمان وەک ئەوروپایی سەرقوت بووە و تەنوورە و جلوبەرگی کورتی لەبەرکردووە. بەڵام ئەبوبەکر -دوای هاتنی- هەوڵی داوە موسوڵمانان بگەڕێنێتەوە سەر پۆشینی جلوبەرگێک کە شەرعی ئیسلام بۆی دیاریکردوون و لە هەمان کاتدا تایبەتمەندییەکی کولتووریی کۆمەڵی موسوڵمانانە. بۆ نموونە، جلوبەرگێکی بۆ ئافرەتان برەو پێداوە کە داپۆشراو بووە لەگەڵ داپۆشینی سەر بە حیجاب. پیاوانیش لە کەیپ، پێش هاتنی ئەبوبەکر، جۆرێک سەرپۆشیان هەبووە، ناوی تورینگ Toering و شێوەیەکی قووچەکیی هەبووە و لە قوماشێکی سوور پێچراوە. بەڵام دوای هاتنی ئەبوبەکر، جۆرێک لە کڵاوی برەو پێداوە کە ئەوسا پیاوان لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە سەریان کردووە و ناوی فێز fez بووە، یا تەربووش. پۆشینی ئەم کڵاوە، هەتا پەنجاکانی سەدەی بیستەمیش لای پیاوانی موسوڵمانی کەیپ باو بووە.[٧٣]

٥. ڕۆڵی سیاسیی

لەو کاتەوەی ئەبوبەکر چووە بۆ ئەفەریقای باشوور، پەیوەندیی دەوڵەتی عوسمانی و موسوڵمانانی کەیپ بەهێز و هەتا ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام بووە. بێگومان ئەم پەیوەندییە بە هۆی ئەبوبەکر ئەفەندییەوە بووە کە بووە بە پردی بەیەکەوەبەستنی موسوڵمانانی ەیپ و دەوڵەتی عوسمانی.

بوونی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەفەریقای باشوور لە دوای ئەبوبەکر ئەفەندییەوە دەستی پێکرد، چونکە چالاکییەکانی ئەو لە ڕووی پەروەردە و کۆمەڵایەتی و هۆشیارکردنەوەی موسوڵمانانەوە بەرانبەر بە دینەکەیان، بوونی دەوڵەتی عوسمانیی لەوێ بەهێزتر و خۆشەویستتر کرد.

لە لایەکی دیکەوە، دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەمدا بەرنامەی پانئیسلامیێتیی هەبوو، چونکە ناوەندی خەلافەتی ئیسلام بوو، خۆیشی بە نوێنەری هەموو موسوڵمانان دەزانی، بۆیە زانای موسوڵمانی دەناردە دەرەوە. بۆ نموونە، بوخارین شێخ سولەیمانی ناردووە بۆ ڕووسیا، سیرڤانیزادە ئەحمەد هولوسی ناردووە بۆ ئەفغانستان، فەریقپاشا بۆ چین، ئەمین ئەفەندی بۆ زانزیبار؛ هەر بە هەمان بەرنامەیش ئەبوبەکر ئەفەندیی ناردووە بۆ کەیپ تاون.[٧٤] بێگومان ناردنی ئەمانە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی موسوڵمانان بووە بە خەلافەتی عوسمانییەوە، لە هەمان کاتدا بە ئامانجی پتەوکردنی پەیوەندیی سیاسی بووە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە. ئەگەر سەرنجبدەین چالاکیی ئەبوبەکر لە کەیپ، بووە بە هۆی دروستبوونی پەیوەندیی سیاسیی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ ئەفەریقای باشوور، کە پاشان لە ڕێی کوڕەکەیەوە ئەحمەد عەتائوڵا بووە بە یەکەم سیاسیی موسوڵمان لەو وڵاتە و دواتریش بووە بە بالیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە سینگاپۆر. ئەم پەیوەندییە سیاسی و دپلۆماسییە، بە کاریگەری و هەوڵی ئەبوبەکر بەدەستهاتووە.

---

[73] Selim Argun, 2000, pp. 63-66.

[74] Halim Gençoğlu, 2013, p. 113.

**خێزان و منداڵەکانی ئەبوبەکر لە کەیپ تاون**

ئەبوبەکر ئەفەندی لە ماوەی ژیانی خۆیدا سێ جار ژنی هێناوە: ژنهێنانی یەکەمی ئەو کاتە بووە کە لە ئەرزەڕۆم مودەریس بووە، ژنێکی تورکی هێناوە، بەڵام زانیارییەکی زۆر کەم لە بارەی ئەو ژنهێنانەیەوە هەیە. ژنهێنانی دووەمی لە ئەفەریقای باشوور لە کەیپ تاون بووە، ١٨٦٣/٤/٨ ئەبوبەکر لەگەڵ ڕوقیە مەیکەری کچی حاجی هاڕوون خێزانی پێکهێناوە. ڕوقیە بە ئەسڵ لە دایک و باوکێکی مەسیحی بووە کە دواتر بوون بە موسوڵمان، بەڵام وا دیارە دایک و باوکی زوو مردوون و خۆی بە تەنیا ماوەتەوە و ئیدی حاجی هاروون ئەو کچەی هەڵگرتووەتەوە و وەک کچی خۆی بەخێوی‌کردووە.



تەهۆرا سابان کوک

ئەبوبەکر لەم ژنە دوو منداڵی بووە: یەکێکیان لەگەڵ لەدایکبوون مردووە، ئەوەی دی کوڕێکی ئەحمەد عەتائوڵا ناو بووە، ساڵی ١٨٦٥ لە کەیپ تاون لەدایکبووە. کە گەورەبووە، ڕۆڵێکی گەورەی سیاسیی لە ئەفەریقای باشوور گێڕاوە و بووە بە یەکەم سیاسیی موسوڵمان لەو وڵاتە.

ئەبوبەکر لەگەڵ ئەم ژنە نەیتوانی بەردەوام بێ، دوای سێ ساڵ پێکەوەژیان، ساڵی ١٨٦٦ لەیەک جودابوونەتەوە. بەپێی بەڵگەنامەکانی دادگای کەیپ تاون، جودابوونەوەکەیان بەهۆی جیاوازیی کولتووری و بەربەستی زمانی بووە کە ژنە زمانی خۆی ئینگلیزی بووە، ئەبوبەکریش ئینگلیزیی باش نەزانیوە.[٧٥]

ژیانی خێزانیی سێیەمی ئەبوبەکر، ساڵی ١٨٦٦ لەگەڵ تەهۆرا سابان کووک بووە. ئەو ژنە کچی ئەلیزا سابان و جێرمیا کووک بووە کە لە ساڵی ١٨٤٧ەوە لە کەیپ تاون نیشتەجێبوون. تەهۆرا لە خێزانێکی دەوڵەمەندی ئینگلیز بووە، خزمایەتیی لەگەڵ جێمس کووک هەبووە کە مامی بووە. جێمس کووک دەریاوانێکی بەناوبانگی ئینگلیز بووە و کەنارەکانی کەنەدای دۆزیوەتەوە. تەهۆرا یەکێک بووە لە قوتابییەکانی ئەبوبەکر ئەفەندی، کە مەدرەسەیەکی سەرەکیی هەبوو بۆ ئافرەتان و ساڵی ١٨٦٤ دایمەزراندبوو. ئەبوبەکر لەم ژنە پێنج منداڵی بووە، ناوەکانیان بەم شێوەیەیە: فەهیمە، هیشام نیعمەتوڵا، محەمەد عەلائەدین، عومەر جەلالەدین، حوسێن فەوزی.[٧٦]

**کۆچیدواییی ئەبوبەکر ئەفەندی**

ئەبوبەکر ئەفەندی دوای ئەوەی بەشدارییەکی گرنگ و بەرچاوی لە ژیانی کۆمەڵی موسوڵمانانی کەیپ تاوندا بووە، ١٨٨٠/٦/٢٩ لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا کۆچیدواییی کردووە. کۆچیدواییی، لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی ئەفەریقای باشووردا وەک هەواڵێکی ناخۆش بڵاوبووەتەوە. تەرمەکەی لە گۆڕستانی تانا بارو لە کەیپ تاون نێژراوە، کە کۆنترین گۆڕستانی موسوڵمانانە لەوێ.

ئەبوبەکر پێش مردنەکەی، نامەیەکی ناردووە بۆ ئەحمەد جەودەتپاشا کە بەرپرسێکی باڵای دەوڵەتی عوسمانی و هاوڕێیەکی دێرینی خۆی بووە و لە ئەستەنبوڵ یەکدییان ناسیوە. لەم نامەیەدا باسی بارودۆخی ژیانی خۆی بۆ کردووە و چەند داواکارییەکی هەبووە کە دوای مردنی

---

[75] Halim Gençoğlu, 2013, p. 32.

[76] Ibid, p. 32.

خۆی بۆی جێبەجێبکا. بۆیە دەکرێ ئەم نامەیە بە وەسێتنامەی ئەبوبەکر دابنرێ. هەر دوای ئەم نامەیەش بە ماوەیەکی کەم مردووە. ئەم نامەیە کە بە تورکیی عوسمانی بووە، لە ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانیدا دۆزراوەتەوە و لە کتێبەکەی حەلیم گەنچۆغلوودا تەرجەمەی ئینگلیزی کراوە. ئەمەی خوارەوە دەقی تەرجەمەی نامەکەیە بۆ کوردی:

**«ئەمجارەیان زۆر نەخۆشم. ئەگەر لێرە بمرم و میراتەکەم، هەموو موڵک و کتێبەکان و کەلوپەلەکانی دیکەم، دەکەوێتە ژێر دەستی حکوومەتی ناوخۆی ئێرە، چونکە من لێرە بێگانەم. بەڵام ئەگەر دەسەڵاتی عوسمانی نامەیەک بۆ مەلیکە ڤیکتۆریا بنێرێ، بارودۆخی منی بۆ ڕوونبکاتەوە بۆ ئەوەی دەست لە کەلوپەلەکانم نەدەن. موسوڵمانێکی میسری لێرە مرد، حکوومەتی ناوخۆی ئێرە هەموو موڵکەکانی دەست بەسەردا گرت.**

**لە هەمان کاتدا، کوڕەکەم ئەحمەد عەتائوڵا، ناردووە بۆ لای تۆ بۆ ئەوەی لە تورکیا بمێنێتەوە و زمانی تورکی بخوێنێ. لە نوور عوسمانییە لە ئەستەنبووڵ بەشێکی کۆشکەکەی مونیف ئەفەندیم کڕیوە، هیوادارم ئەو موڵکەم بفرۆشن و بیبەخشن بۆ هەر شوێنێک و هەر کەسێک کە دەزانن بە خێر دەگەڕێ. داواتان لێدەکەم بۆ ئەمە هاوکار و یارمەتیدەرم بن. ئەگەر ئەو کارەم بۆ ئەنجامبدەن، دەستخۆشیتان لێدەکەم و مایەی خۆشحاڵی و پێزانینی منە.**

**دەبێ ئەوەش بڵێم کە من پێنج منداڵم هەیە، هێشتا منداڵن و کەسێک نییە لێرە ئاگاداریان بێ و چاودێرییانبکا. ئەگەر لێرە گەورەبن، ترسی ئەوەم هەیە ئیمانیان لەدەستبدەن. تکادەکەم بە کەسێک بیانبەن بۆ تورکیا، بۆ ئەوەی لەوێ لە بارەی ئیسلامەوە دەرس بخوێنن. پێم خۆشە لە ئەستەنبووڵ لەبارەی ئیسلامەوە بخوێنن. تکادەکەم ئەو داواکارییەم قبووڵ بفەرمووی و ئاگاداریان بی، هەرچەندە دەزانم تۆ بە کاروباری دەوڵەتەوە یەکجار سەرقاڵی، بەڵام تکادەکەم ئەم دوایین ئاوات و داواکارییەی من قبووڵ بفەرموون، چونکە منداڵەکانم بەبێ ڕێنمایی و سەرپەرشتی دەمێننەوە.**

**ئەبوبەکر**

**کەیپ (جەمسەری هیوای خۆشی) ١٨٨٠[77]»**

**منداڵ و نەوەکانی ئەبوبەکر ئەفەندی**

لە وەسیەتنامەکەی ئەبوبەکردا کە بۆ ئەحمەد جەودەتپاشای نووسیوە، لە خەمی پاشەڕۆژی منداڵەکانیدا بووە و داوایکردووە بیانبات بۆ تورکیا، تا لەوێ بخوێنن، نەک لە ئەفەریقای باشوور بێسەرپەرشت بمێننەوە و دینیان لەدەستبدەن. ئەم وەسێتەی ئەبوبەکر جێبەجێنەکرا و منداڵەکانی هەر لە کەیپ تاون مانەوە و گەورەبوون. بەڵام بەهۆی پەروەردەی پتەوی باوکیانەوە، لەسەر هەمان ڕێبازی باوکیان بەردەوامبوون و ناسنامەی دینیی باوکیان وننەکرد.

ئەحمەد عەتائوڵا، کە کوڕی یەکەمی ئەبوبەکر بووە لە ژنی یەکەمی لە کەیپ تاون، ساڵی ١٨٦٥ لە کەیپ تاون لەدایکبووە؛ لە هەموو کوڕەکانی ئەبوبەکر چالاکتر بووە و ڕۆڵێکی گەورەی سیاسیی لەنێو موسوڵمانانی کەیپ و ئەفەریقای باشووردا گێڕاوە و بووە بە کەسێتییەکی گرنگیش لە دەوڵەتی عوسمانیدا.

بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی، ئەحمەد عەتائوڵا خوێندنی زانکۆی لە ئەستەنبوڵ تەواوکردووە. پاشان چووە بۆ میسر و لە ئەزهەر خوێندوویە. ئەحمەد عەتائوڵا بە هۆی خوێندنیەوە لە وڵاتی جیاوازدا، فێری چەندین زمانی وەک ئینگلیزی، ئەفریکانی، تورکی، عەرەبی و ئوردوو بووە. کتێبێکی بە ناوی "تحفة الإسلام"ەوە نووسیوە، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەسەر ئەوە خەڵاتیکردووە. دواتر نێوان ساڵانی ١٩٠١–١٩٠٣ بووە بە باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە سینگاپۆر. هەر لەوێش ساڵی ١٩٠٣ لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا بە ڕووداوی ئۆتومبیل گیانی لەدەستداوە.[78]

---

[77] Halim Gençoğlu, 2013, p. 41.

ئەبوبەکر پێنج منداڵی لە ژنی دووەمی بووە: فەهیمە، هیشام نیعمەتوڵا، محەمەد عەلائەدین، عومەر جەلالەدین، حوسێن فەوزی. وا لە خوارەوە بە کورتی باسی ژیان و چالاکییان دەکەین:



ئەحمەد عەتائوڵا

[78] Halim Gençoğlu, The first Muslim politician of South Africa, Ahmet Ataulla Bey, 1865– 1903, New Contree (a journal of historical and human science for South Africa), No.69, July 2014, p.112.

فەهیمە: تاقە کچی ئەبوبەکر بووە و زانیارییەکی کەم لەبارەی ژیانیەوە هەیە. ئەوەی زانراوە مێردی بە زانایەکی گەورەی عوسمانیی سەید عەبدوڕەزاق عەلیم ئەفەندی ناو کردووە. پاشان لەگەڵ ناوبراو چووە بۆ ئەستەنبووڵ و هەر لەوێ ماوەتەوە و تەنیا جارێک سەری لە کەیپ تاون داوە و باوکیی بینیوە.[٧٩]

هیشام نیعمەتوڵا ئەفەندی، یەکەم کوڕی ئەبوبەکرە لە ژنی دووەمی. ئەویش لەسەر هەمان ڕێبازی باوکی لە کەیپ بەردەوامبووە و بووە بە زانا و کەسێتییەکی گرنگی نێو موسوڵمانانی کەیپ. بۆ خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان و فێربوونی زمانی تورکی و عەرەبی، چووە بۆ تورکیا و مەککە. پاشان چووە بۆ میسر و هەر لەوێ لە زانکۆی ئەزهەر خوێندنی تەواوکردووە. لە مەککە و ئەستەنبووڵ بە ڕەسمی شەهادەی مامۆستایەتیی پێدراوە. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم خەڵاتیکردووە و ئەستێرەی مەجیدییەی پێبەخشیوە و ئیمامی یەکێک لە مزگەوتەکانی بۆ- کاپیش بووە. نووسەری سێ کتێبە بە زمانی ئەفریکانی – عەرەبی، ساڵی ١٨٩٤ یەکێک لە کتێبەکانی بە زمانی ئەفریکانی – عەرەبی لە ئەستەنبووڵ چاپکراوە. دواتر ئەم کتێبە ساڵی ١٩١٢ وەک کتێبی خوێندن لە مەدرەسەی دینیی "الفلاح" لە کلێرمۆنتی کەیپ تاون خوێندراوە. لە هەمان کاتدا ڕۆڵی هەبووە لە چارەسەری کێشەی موسوڵمانانی کەیپدا، کە دواتر وەک کەسێکی لێهاتوو توانیویە کێشەی حەنەفی و شافیعی لەنێو موسوڵمانانی کەیپدا چارەسەربکا. هەروەها ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و موسوڵمانانی کەیپدا. لەبەر ئەو چالاکییانە کە ناوبراو هەیبوون، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم مەدالیایەکی تایبەتی پێبەخشیوە. دوای ١٩٠٠ چووە بۆ پۆرت ئەلیزابێت، لەوێش بەردەوامبووە لەسەر پەروەردەکردنی موسوڵمانان و ئیمامەتی لە

[79] Halim Gençoğlu, 2013, pp. 34–35.

مزگەوت. ساڵی ١٩٤٧ لە پۆرت ئەلیزابێت لە ئەفەریقای باشوور کۆچی‌دوایی کردووە.

محەمەد عەلائەدین ئەفەندی، زانیاریی زۆری لە بارەوە لەبەردەست‌دانییە. ساڵی ١٨٦٩ لە کەیپ لەدایکبووە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە لە قوتابخانەی موسوڵمانان مامۆستا بووە و قورئانخوێنێکی بەناوبانگ و حافزی قورئان بووە. ساڵی ١٩٤٩ لە تەمەنی هەشتا ساڵی‌دا لە کەیپ تاون کۆچی‌دوایی کردووە.

عومەر جەلالەدین ئەفەندی ساڵی ١٨٧٢ لە کەیپ تاون لەدایکبووە. کاتێک باوکی مردووە، تەمەنی تەنیا نۆ ساڵ بووە. کەسێکی چالاک و پەروەردەکار و بەڕێوەبەری قوتابخانەی موسوڵمانان بووە لە جۆهانسبورگ. ساڵی ١٩٥١ ئەندریناو فان سێلمس لە کەیپ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردووە و زانیاریی گرنگی لە بارەی ژیانی باوکی و چۆنیەتیی هاتنیەوە بۆ کەیپ تاون درکاندووە. هەروەها کۆپییەکی لە کتێبەکەی باوکی "بیان الدین"ی پێ‌داوە. دوای ئەوە فان سێلمس توێژینەوەی لەسەر کردووە، کتێبەکە ناسراوبووە. عومەر جەلالەدین ساڵی ١٩٥٤ لە تەمەنی هەشتاودوو ساڵی‌دا لە کەیپ تاونماڵئاوایی لە ژیان کردووە.[٨٠]

حوسین فەوزی کە بچووکترین کوڕی ئەبوبەکر بووە، زۆر کەم زانیاری لەبارەی ژیانیەوە هەیە. ساڵی ١٨٧٤ لەدایکبووە و ساڵی ١٨٨٨ لە تەمەنێکی کەمی تەنیا چواردە ساڵی‌دا کۆچی‌دوایی کردووە.[٨١]

لە خستنەڕووی ژیانی کوڕەکانی ئەبوبەکردا، ڕووندەبێتەوە کە ئەو مێژووەی ئەبوبەکر لە کەیپ تاون و ئەفەریقای باشوور دەستی پێ‌کرد، دوای خۆیشی لەسەر هەمان بەرنامە درێژەی هەبووە.

هەر لەم منداڵانە، نەوەکانی ئەبوبەکر زیادبوون و هەندێکیان گەڕانەوە بۆ تورکیا و هەندێکیش چوون بۆ ئینگلتەرا و کەنەدا و نیوزیلاند و ئاوسترالیا، بەڵام زۆرینەیان لە کەیپ تاون مانەوە. نەوەکانی ئەبوبەکر لە کەیپ تاون و ئەفەریقای باشوور زۆربوون، نزیک بە سەد پیاوێک کە ڕاستەوخۆ دەچنەوە سەر ئەبوبەکر، لەگەڵ دووهەزار ئافرەتێک کە لە نەوەی ئەم پیاوانە کەوتوونەوە. لەم ژمارەیە نزیکەی ٣٠٪ یان بە دنیادا بڵاوبوونەتەوە، واتە لە ئەفەریقای باشوور دەرچوون بۆ ئەمەریکا و بەریتانیا، ئەوانی دی هەر لە ئەفەریقای باشوور دەژین.[٨٢] ئێستاش ڕەوەندێکی کورد لە بنەماڵەی ئەبوبەکر ئەفەندی لە کەیپ تاون دەژین و ناسناوی ئەفەندییان هەڵگرتووە.

هەندێک لە نەوەکانی ئەبوبەکر حەزیانکردووە سەر لە کوردستان بدەن، بۆ ئەوەی زێدی باپیریان ببینن و ئەو گوندەش ببینن کە باپیریان لێی لەدایکبووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی کە لایان پارێزراون، بنەماڵەکەی پێش دەرچوونیان بۆ ئەرزەڕۆم لەو ناوچەیە زەوی‌وزاری وەقفیان هەبووە، پێیان خۆش بووە ئەو زەوی‌وزارەیش ببینن.

ساڵانی شێستی سەدەی بیستەم دوو کەسی نەوەی ئەبوبەکر ئەفەندی، بە ناوەکانی ئەحمەد فایق و حوسین فەوزی، سەریان لە کوردستان داوە و شەش مانگ ماونەتەوە، بە مەبەستی سەردانی ئەو زەوی‌وزارانەی کە وەقفی بنەماڵەکەیان بووە لە ناوچەی گوندی سیساوە و هەریر. ئەم دوو کەسە ئێستا لە ژیان‌دا نەماون، بیست ساڵ پێش ئێستا وەفاتیانکردووە.

ساڵانی نەوەدیش یەکێکی دیی محەمەد شوکری ناو لە نەوەی ئەبوبەکر سەری لە کوردستان داوە، ماوەیەکی درێژ لە باشووری کوردستان ماوەتەوە، هەر لە کوردستان ژنی هێناوە و منداڵی بووە. لە کوردستان چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیی لەگەڵ سازکراوە و لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری

---

[٨٠] Selim Argun, 2000, pp. 12–13; Halim Gençoğlu, 2013, pp. 34-38.

[٨١] Halim Gençoğlu, 2013, p. 38.

[٨٢] تەواوی ئەم زانیارییانە سەبارەت بە نەوەکانی ئەبوبەکر و سەردانەکانیان بۆ کوردستان، لە محەمەد زۆبری ئەفەندی وەرگیراوە.



ژووری ئەبوبەکر ئەفەندی لە مۆزەخانەی (زمانی ئەفریکانی) لە شاری پارل لە ئەفەریقای باشوور

هەرێمیش‌دا چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە،[83] بانگەشەی مەهدییەتی کردووە، ویستوویەتی ببێ بە مەهدی. دواتر گەڕاوەتەوە بۆ کەیپ تاون، کتێبێکی لەبارەی سەفەرەکەیەوە نووسیوە و هێشتا چاپنەکراوە. ئێستاش لە ژیاندا ماوە و لە کەیپ تاون دەژی.

یەکێکی دیی ڕەشیدبەگ ناو کە مامۆستای زانکۆ بووە، دوای ٢٠١٤ هاتووە بۆ کوردستان و ماوەی چەند ساڵێک لە زانکۆیەکی کوردستان دەرسی داوەتەوە، پێنج ساڵێک پێش ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ ئەفەریقای باشوور.

بەپێی ئەو زانیارییەی کە لە محەمەد زۆبری ئەفەندی وەرگیراوە، سەرجەمی نەوەکانی ئەبوبەکر هیچ گومان لە کوردبوونی باپیری گەورەیان نییە، کە بە ڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە بۆ گوندێکی کوردستان و بە عەشیرەت خۆشناو بووە. هەروەها دەڵێن: ئەمە ڕاستە کە ئەو نێردراوی دەوڵەتی عوسمانی بووە، وەک کەسێتییەکی عوسمانی هاتووە بۆ کەیپ، بەڵام ئەو بە ئەسڵ کورد بووە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەم دواییيە چەند کەسێک لە نەوەکانی ئەبوبەکر بە هاندانی تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەسڵی باپیرە گەورەیان تورک بووە و دەیانەوێ خۆیشیان بە تورک بناسێنن، بۆ ئەوەی چەند دەستکەوتێکیان لە حکوومەتی تورکیا چنگبکەوێ، وەک ڕەگەزنامەی تورکی و مافی مانەوەیان وەک هاووڵاتیی تورکی لە تورکیا. یەکێک لە نەوەکانی ئەبوبەکر کە ناوی هیشام نیعمەتوڵا ئەفەندی و تەمەنی حەفتا ساڵە، بە خۆی و منداڵەکانیەوە ڕووی لە تورکیا کردووە و خۆیان بە تورک ناساندووە و باپیرە گەورەشیان کردووە

[83] بە داخەوە ژمارەکەی ئەو گۆڤارەم نەبینیوە بۆ ئەوەی بزانین محەمەد شوکری لەم چاوپێکەوتنەدا چیی باسکردووە.

به توركی عوسمانی، بەرانبەر بەم گۆڕینەی ئەسڵی خۆیان ڕەگەزنامەی توركیایان بەدەستهێناوە و مافی مانەوەشیان پێدراوە لەو وڵاتە.

**شێواندنی ناسنامەی كوردیی ئەبوبەكر ئەفەندی**

هەوڵێكی زۆر هەیە بۆ شێواندنی ناسنامەی كوردیی ئەبوبەكر ئەفەندی لە لایەن توركە ناسیۆنالیستەكانەوە، ئەوانەی كە ناتوانن باوەڕ بە هیچ شتێكی كورد بێنن و كوردیان پێ نەتەوە نییە، هەروەها پێشیان وا نییە كورد شارستانێتیی هەبێ و خاوەنی زانا و پیاوی هەڵكەوتووی مێژوویی بێ و زانایەكی گەورەی وەك ئەبوبەكر ئەفەندی لە مەدرەسە دینییەكانی كوردستان پەروەردەكرابێ. بۆیە هەندێك نووسەری تورك هەر شتێكیان سەبارەت بەم زانا كوردە نووسیبێ، هەوڵیانداوە ناسنامەی كوردیی لێ زەوتبكەن.

لەنێو ئەم نووسەرە توركانەدا، حەلیم گەنچۆغڵوو Halim Gençoğlu هەوڵێكی زۆری داوە و پێداگرییكردووە كە بنەچەی ئەبوبەكر كورد نییە. ئەم نووسەرە وەك لە پێشدا ئاماژەی پێدرا، توێژینەوەیەكی ئەكادیمیی لەسەر ژیان و كار و چالاكی و بەرهەمەكانی ئەبوبەكر نووسیوە. توێژینەوەكەی ورد و زانستییە، بەڵام كە هاتووەتە سەر ئەسڵ و بنەچەی ئەبوبەكر ئەفەندی، ئیدی نەیتوانیوە بە هەمان پێوەری زانستی ئەو ڕاستییە قبووڵبكا كە ئەو پیاوە لە گوندێكی كوردستان لەدایكبووە و كوردە. گەنچۆغڵوو هەر بۆ ئەوەی بگا بە ئامانجەكەی خۆی و بیسەلمێنێ ئەبوبەكر بە بنەچە كورد نییە، زیاتر تیشكی خستووەتە سەر ناسناوی قورەیشی ئەمجەدی كە وەك پاشناو لەگەڵ ناوی ئەبوبەكر ئەفەندی هاتووە، بۆ ئەوەی بڵێ: ئەبوبەكر بەگوێرەی ئەم ناسناوە بنەچەكەی عەرەبە،[٨٤] بەڵام هەرگیز ئاوڕ لە ناوی (خۆشناو) نەداوەتەوە كە لەسەر كێڵی قەبرەكەی نووسراوە: "مولانا ملا أبوبكر أفندي الخوشناوي"، كە بەڵگەیە ئەبوبەكر سەر بە عەشیرەتی خۆشناو بووە كە عەشیرەتێكی كوردە. ئەگەر ئەو كورد نەبێ، ئەدی بۆ ناوی عەشیرەتێكی كوردی هەڵگرتووە؟! ئەمە بەڵگەیەكی ڕوونە لەسەر كوردبوونی. هەروەها لە بەڵگەنامەی وەقفی بنەماڵەكەی خۆیدا هاتووە كە لە گوندی سیساوە لەدایكبووە، كە گوندێكی خۆشناوەتییە و خەڵكەكەی هەموو كوردە. گەنچۆغڵوو هەرگیز ئاماژەی بەوە نەداوە كە ئەبوبەكر لە كتێبەكەی خۆیدا "بیان الدین" كاتێك باسی ئەسڵ و بنەچەی خۆی كردووە، گوتوویە: "الحاج ابوبكر افندي من نسل أمیر سلیمان ابن أمیر محمد ابن أمیر عبدالله ابن أمیر زید من خاندان أهالي صهران تابع شهرزور و بغداد". خۆی گوتوویە خەڵكی سۆرانم كە سەر بە ئەیالەتی شارەزوور و بەغدایە. ئەمانە هەموو بەڵگەی ڕوون و حاشاهەڵنەگرن كە ئەبوبەكر بە عەشیرەت و بە گوند و بە هەرێم و بە خاك كەسێتییەكی كوردییە. وەك دەڵێن "بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ،" ئەم بەڵگانە سەبارەت بە ڕەچەڵەكی ئەبوبەكر وەك ڕۆژی ڕووناك دیارن و كەس ناتوانێ ئەم سەرچاوە سازگارە لە ژیانی ئەو زانا كوردە لێڵبكا.

گەنچۆغڵوو دوای هەوڵی بۆ لكاندنی ڕیشەیەكی عەرەبی بە بنەچەی ئەبوبەكرەوە، ئەمجارە لە ڕێی عوسمانیبوونەوە هەوڵیداوە ناسنامەی كوردی لە ئەبوبەكر زەوتبكا، گوتوویە بنەماڵەی ئەبوبەكر چەند كەسێتییەكی بەناوبانگی عوسمانی بوون، ئەمانە هەر خۆیان بە عوسمانی داناوە. ئەمەش دووبارە چەواشەكردنی ڕاستییەكانە، چونكە عوسمانی هەرگیز نەتەوە نەبووە، بەڵكوو ناوی بنەماڵەی حوكمڕانی دەوڵەتەكە بووە. ئەم دەوڵەتە ئیمپراتۆری بووە و سەدان نەتەوەی جیاوازی تێدا بوون. هەتا پێش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیش، هەرگیز نەتەوایەتی لەم دەوڵەتەدا گرنگ نەبووە و هەر كەسێكیش لەم دەوڵەتە گەورەیەدا خۆی بە عوسمانی زانیوە، بەڵام سەر بە نەتەوەیەكی ئەو

---

[84] Ibid, p.18.

دەوڵەتە بووە. ئەمە لای ئەبوبەکریش ڕوونبووە، هەر وەک خۆی ئاماژەی پێداوە کە بە ئەسڵ خۆشناوە و سەر بە هەرێمی سۆرانە، کە ئەویش سەر بە دەوڵەتی عوسمانییە و نێردراوی خەلافەتی عوسمانییە بۆ ئەفەریقا.

ئەحمەد داڤید لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە مێژووی تانا بارو، باسی ژیانی ئەبوبەکری کردووە و کە هاتووەتە سەر بنەچەی ئەبوبەکر،




کێڵی گۆڕەکەی ئەبوبەکر ئەفەندی
پێش نۆژەنکردنەوەی لەساڵی ٢٠١٣دا

چەند زانیارییەکی دژبەیەکی داوە، ناچنەوە سەر یەک. سەرەتا ئاماژەی بەوە داوە کە ئەبوبەکر زانایەکی تورک بووە. دواتر سەبارەت بە بنەچەی، گوتوویە ئەبوبەکر لە گوندی خۆشناوی شەهرەزوور (کوردستان) لە تورکیا دەوروبەری ١٨٣٥ لەدایکبووە، پێشینانی دەگەڕێتەوە بۆ خانەوادەی قوڕەیشی لە مەککە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەسڵی ئاریانی لە کورد.[85]

ئەحمەد داڤید سێ بنەچەی جیاوازی بۆ ئەبوبەکر دەستنیشانکردووە، سەرەتا گوتوویە زانایەکی تورکە و دواتریش گوتوویە عەرەبە و ئەوجا بە ئەسڵ کوردی ئارياييیە.

دوو سەرچاوەی دیکە کە بە عەرەبی لەبارەی موسوڵمانانی ئەفەریقای باشوورەوە نووسراون، لە باسی بنەچەی ئەبوبەکر ئەفەندیدا گومانیان خستووەتە سەر بنەچەکەی کە کورد نەبێ و عەرەب بێ. سەرچاوەی یەکەم سعید ابراهیم کریدیة، لە باسی موسوڵمانانی ئەفەریقای باشووردا کە هاتووەتە سەر ژیان و بنەچەی ئەبوبەکر ئەفەندی، نووسیویە: ئەبوبەکر کورد و لە ئەسڵی ئارییە و نابێ ناسناوی قوڕەیشیی هەبێ، بۆیە دیارە بە ئەسڵ عەرەب بووە.[86]

سەرچاوەی دووەم بە عەرەبی محەمەد سادق ئیسماعیل نووسیویە و سەبارەت بە ئەزموونی ئەفەریقای باشوورە؛ کە هاتووەتە سەر ناردنی ئەبوبەکر بۆ ئەفەریقای باشوور، ئاماژەی بە بنەچەی ئەبوبەکر ئەفەندی داوە. سەرەتا نووسیویە بە ئەسڵ کوردە، دواتر هەمان بۆچوونی گەنچۆغلوو و سعید ابراهیم کریدیةی دووبارەکردووەتەوە و ئەم ڕایەی بە ڕاستتر زانیوە کە ئەبوبەکر بنەچەکەی عەرەب بێ، هەر لەبەر ئەوەی کە ناسناوی قوڕەیشیی هەیە.[87]

ئەم نووسەرانە لەوە ئاگادارنەبوون کە نەک هەر بنەماڵەی ئەبوبەکر، بەڵکوو بەشێکی زۆری میرەکانی کوردستان لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا هەوڵیان داوە ئەسڵ و بنەچەی خۆیان ببەنەوە سەر کەسێکی عەرەب لە یارانی پێغەمبەر، یا ڕاستەوخۆ بچنەوە سەر پێغەمبەر (د.خ). بۆ ئەم مەبەستە شەجەرەنامەیان دروستکردووە و ناسناوی سەید و قوڕەیشییان بۆ خۆیان هەڵگرتووە، لە کاتێکدا هیچ

[85] Achmad david, p. 53.

[86] سعید ابراهیم کریدیة، ٢٠١٠، ص٥٥.

[87] محمد صادق أسماعيل، تجربة جنوب أفريقيا: نيلسون مانديلا والمصالحة الوطنية، دار العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٣، ص٦٩.

پەیوەندییەکی نەژادی و ڕیشەیی لە نێوان ئەوان و پێغەمبەر و یارانیدا نەبووە. ئەمە تەنیا بۆ ئامانجێکی سیاسی و پەیداکردنی پلەوپایە بووە، بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەوان لە بنەماڵەیەکی پیرۆزەوە هاتوون و پێویستە هەر ئەوان حوکمڕان بن و خەڵک ئەوان بە گەورەی خۆی بزانێ، چونکە لە نەوەی پێغەمبەرن. هەر وەک مینۆرسکیش ئاماژەی بەوە داوە کە کورد لە

هەمووی گرنگتر، لە سەرچاوەکاندا باس لەوە دەکرێ کە خالیدی کوڕی وەلید هیچ کەسێک لە بنەماڵەکەی نەماوە و بەهۆی نەخۆشیی تاعوونەوە لەناوچوون و خۆیشی وەجاغکوێر بووە و هیچ منداڵیکی نەبووە.[89]

ئەمە نموونەیەکە لە مێژوودا کە بنەماڵەیەکی کورد هەوڵیانداوە ئەسڵی خۆیان ببەنەوە سەر عەرەب، دەکرێ بڵێین قورەیشیبوونی ئەبوبەکر



گۆڕی ئەبوبەکر ئەفەندی لە گۆڕستانی تانا بارو لە کەیپ تاونی ئەفەریقای باشوور. دوای ئەوەی حەلیم گەنچۆغلوو ساڵی ٢٠١٣ نۆژەنیکردەوە. ئەم مانگ و ئەستێرەیە کە ڕەمزی ئالای تورکیایە، گەنچۆغلوو بۆ کێلی گۆڕەکەیی زیادکردووە، پێشتر لەسەری نەبووە.

مێژوودا هەوڵیداوە بنەچەیەکی عەرەبی بۆ خۆی دروستبکا.[88]

لە کتێبی "شەرەفنامە"دا هەردوو بنەماڵەی میرانی بۆتان و سۆران بنەچەیان بردووەتەوە سەر ڕەچەڵەکی عەرەبی. لەبارەی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی جەزیرەوە، باسی ئەوە هاتووە کە ئەو بنەماڵەیە ئەسڵیان دەچێتەوە سەر خالیدی کوڕی وەلید، ئەمە لە کاتێکدا ئەو هەرگیز پێی نەناوەتە کوردستان و هاتووە بۆ عیراق، ئەوجا چووە بۆ شام. بەڵام لە

ئەفەندیش هەر لەم سەرچاوانەوە ئاو دەخواتەوە، هیچ بناغەیەکی بەڵگەداری مێژوویی و زانستیی نییە.

بەشێکی ئەم شێواندنە لە ئەنجامی بێدەنگی کوردەوەیە بەرانبەر بە زانایەکی گەورەی خۆی کە هەتا ئێستا وەک پێویست نەیناسیوە و بایەخی پێنەداوە و هەوڵینەداوە وەک کوردێک بەرگریی لێبکا و ئەو مێژووەی کە لە کەیپ خۆی بە

[88] Mia Brandel – Syries, 1971, p. VII.

[89] الأمير شرف خان البدليسي، شرفنامە، ترجمة: معمد جميل الملا أحمد الروژبياني، مؤسسة الموكرياني للنشر والطبع، الطبعة الثانية، اربيل، ٢٠٠١، ص٢٦٩.

کوڕەکانی لەنێو موسوڵمانەکان هەیانبووە، بە مێژووی کوردی بزانێ.

گرنگترین بەڵگەیەک لەسەر کوردبوونی ئەم بنەماڵەیە، نەوەکانی خۆیەتی، کە ئەمڕۆ لە کەیپ تاون دەژین و خۆیان بە کورد دەزانن و هەرگیز نکوولی لە کوردبوونی باپیرەگەورەی خۆیان ناکەن، کە بە ئەسڵ لە گوندێکی کوردستانەوە هاتووە. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکوو زۆر بە توندی ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە هەوڵبدرێ ناسنامەی کوردبوون لە خۆیان و بنەماڵەکەیان زەوتبکرێ.[٩٠]

**ئەنجام**

ئەبوبەکر ئەفەندی، وەک زانایەکی کورد لە گوندێکی کوردستان لەدایکبووە، سەر بە عەشیرەتێکی کوردە کە خۆشناوە. ئەم زانا کوردە لەگەڵ ئەوەش‌دا کە پایەیەکی بەرزی زانستیی هەبووە و شەخسیەتێکی گرنگ بووە لە دەوڵەتی عوسمانی‌دا و لە نێو موسوڵمانانی کەیپ تاونیش‌دا زۆر ناسراوبووە، کەچی کورد خۆی لە ناو و شۆرەتی ئەم زانایە بێبەشە و هیچ لێکۆڵینەوەیەکیش بە کوردی سەبارەت بە ژیان و چالاکییەکانی نەنووسراوە.

بە هۆی کۆچکردن و دوورکەوتنەوەی خۆی و بنەماڵەکەیەوە لە کوردستانەوە بۆ ئەرزەڕۆم، دواتریش چوونی بۆ ئەستەنبووڵ، هەواڵ و دەنگوباسی ئەو زانا کوردە لە کوردستان نەماوە. هەر بۆیە پاشان هیچ زانیارییەک لەسەر ژیان و بەرهەم و کارەکانی ئەو زانا کوردە لای کورد نەزانراوە. ئەوەی زیاتر بووەتە هۆی ئەوەی کە لە لایەن کوردەوە نەناسرێ، سەفەری یەکجاریی بووە بەرەو کەیپ تاون و هەر لەوێش مانەوەی و کۆچی‌دوایی‌کردنی. ئەم دوورکەوتنەوەیەی بۆ وڵاتێکی ئەفەریقایی زیاتر بووەتە هۆی ئەوەی کە هەواڵ و دەنگوباسی نەگا بە کوردستان. بەڵام ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی پڕیەتی لە هەواڵ و چالاکییەکانی ئەم زانا کوردە لە ئەستەنبووڵ و دواتریش چوونی بۆ کەیپ تاون.

ئەوەی زیاتر لە بایەخی ئەم زانا کوردە زیاددەکا ئەو ڕۆڵە گەورەیەیە کە لە کەیپ تاون لە ڕووی کولتووری و پەروەردەیی و سیاسییەوە گێڕاویەتی. لە هەمووی گرنگتر کتێبێکی بە زمانی ئەفریکانی بە ناوی "بيان الدين"ەوە نووسیوە. ئەم کتێبە بەهۆی کۆنیی دەقەکەیەوە، ئەمڕۆ سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانی ئەفریکانی و یەکێکە لە دەقە پەخشانییە کۆنەکان کە بەم زمانە نووسرابێ.

دوای وەفاتی ئەبوبەکر، کوڕەکانی لەسەر هەمان ڕێبازی باوکیان لە ئەفەریقای باشوور بەردەوام بوون، بوون بە کەسێتیی دینی و سیاسی و پەروەردەکار بۆ موسوڵمانانی ئەفەریقای باشوور، واتە هەمان بەرنامەی باوکیان لە ڕووی ڕۆشنبیری و پەروەردەیییەوە درێژە پێ‌داوە.

هەوڵێکی نەزۆکانە لە لایەن تورکە ناسیۆنالیستەکانەوە هەیە بۆ شێواندنی ناسنامەی کوردیی ئەم زانایە، بەڵام هەموو بەڵگەکان لە ئەرشیفی بنەماڵەکەی و ئەرشیفی عوسمانی و کەیپ تاون تەئکید لەوە دەکەنەوە کە ئەبوبەکر شەخسییەتێکی کوردە و پەروەردەی مەدرەسە سادە و بێنازەکانی کوردستانە. بۆیە زۆر گرنگە کورد بایەخ بەم زانایە بدا و بە هیی خۆی بزانێ، هەروەها ئەو مێژووەش کە ئەبوبەکر و کوڕەکانی لە کەیپ تاون و ئەفەریقای باشوور هەیانبووە، بە مێژووی کوردی بزانێ.

[٩٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد زۆبری ئەفەندیی نەوەی سێیەمی ئەبوبەکر ئەفەندی لە کەیپ تاون لە ئەفەریقای باشوور، ڕۆژی ٢٠١٤/٩/١. لەم چاوپێکەوتنە و هەموو لێدوانەکانی دواتردا لەگەڵی، هەمیشە تەئکیدی‌کردووەتەوە کە ئەسڵیان دەچێتەوە بۆ کوردستان و ئەو بۆچوونانەی حەلیم گەنچۆغڵووش لەبارەی ئەسڵی ئەبوبەکرەوە ڕەتدەکاتەوە.

## سەرچاوەکان

- به ئینگلیزی:

1- A. Van Selms, "Abu Bakr Effandi", in: W. J. de Kock (edit), Dictionary of South African Biography, Vol. I, Bloemfontein port Elizabeth, first edition, 1968.

2- Achmat Davids, The history of Tana Baru, Cape Town, Februray, 1985.

3- Ebrahim Mahomed Mahida, History of Muslims in South Africa: A Chronology, Arabic Study Circle, Durban, South Africa, 1993.

4- Halim Gençoğlu, Abu Bkr Effendi, A report on the activities and challenges of an Ottoman Muslim theologian in the Cape of Good Hope, University of Cape Town, (master thesis unpublished) October 2013.

5- Halim Gençoğlu, The first Muslim politician of South Africa, Ahmet Ataulla Bey, 1865 – 1903, New Contree (a journal of historical and human science for South Africa), No.69, July 2014.

6- Kees Versteegh, Islamic learning in Arabic – Africans between Malay model and Ottoman reform, in: Wacana (Journal of the Humanities of Indonesia), Vol. 16 No.2, 2015.

7- Martin van Bruinessen, "A nineteenth –century Ottoman Kurdish scholar in South Africa: Abu Bakr Efendi" in: Mullas, sufis, and heretics: The role of religion in Kurdish society," Isis Press, Istanbul, 2000. Pp. 133 -141.

8- Mia Brandel – Syries, The Religious duties of Islam as taught and explained by Abu Bakr Effendi, Netherland, Leiden, 1971.

9- N. E. Davis, A History of Southern Africa, Longman group Ltd, UK, 2003.

10- Selim Argun, The life and contribution of the Osmanli scholar, Abu Bakr Effendi: Towards Islamic thought and culture in South Africa (master thesis unpublished), Rand Afrikaans University, December 2000.

11- Serhat Orakçı, A Historical Analysis of the Emerging Links between the Ottoman Empire and South Africa between 1861–1923, (master thesis unpublished), University of Johannesburg, October 2007.

- به ئەفریکانی:

12- A. van Selms, Abu Bakr se 'Uiteensetting van die godsdiens': 'n Arabies-Afrikaanse teks uit die jaar 1869. Amsterdam: North-Holland Publishing Company, 1979.

١٣- أبوبكر أفندى، بيان الدين، أستنبول، ١٨٧٧.

- به عەرەبی:

١٤- أبوبكر أفندى، بيان الدين، أستنبول، ١٨٧٧. ديباجة الكتاب (المقدمة بالعربية).

١٥- الأمير شرف خان البدليسي، شرفنامه، ترجمة: محمد جميل الملا أحمد الروژبياني، مؤسسة الموكرياني للنشر والطبع، الطبعة الثانية، اربيل، ٢٠٠١.

١٦- سعيد ابراهيم كريدية، جمهورية جنوب أفريقيا ومسلموها، دار الرشاد، بيروت، ٢٠١٠.

١٧- عبدالرقيب يوسف، حدود كردستان الجنوبية تاريخيا وجغرافيا خلال خمسة الآف عام، الطبعة الثانية، مطبعة شڤان، السليمانية، ٢٠٠٥.

١٨- محمد صادق أسماعيل، تجربة جنوب أفريقيا: نيلسون مانديلا والمصالحة الوطنية، دار العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٣.

- به کوردی:

١٩- محەمەد ئەحمەد ئیبراهیم گەلاڵی، قەزای ڕواندز لە ساڵنامەکانی عوسمانیدا ١٨٦٢ – ١٩١٢، لە کتێبی (پرۆسیدینگی یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی: ڕواندز و پێگەیێکی ژیاری و بەدەوڵەتبوون لە مێژووی کورددا)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٧.

چاوپێکەوتن:

- چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد زۆبری ئەفەندی (نەوەی سێیەمی ئەبوبەکر ئەفەندی) لە کەیپ تاون، ئەفەریقای باشوور، ڕۆژی ٢٠١٤/٩/١.